له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

سێ باسی گرنگ له :

# باسەكانی نوێژ

✍ نوێژكردن له نێوان كۆڵەكەكانی مزگەوت ..

✍ سوترەی نوێژگەر حوكم و ئادابەكانی ..

✍ ئامینی نوێژ واتا و چاكە و حوكم و شێوازی ووتنی ..

نووسینی

باوكی سوننە عدنان بارام كەلاری

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەرێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

# ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ [١] .

---

[١] هذه الخطبة تسمى : خطبة الحاجة ، وهي التي كان رسول الله ﷺ يفتتح بها جميع خطبه ، ومحاظراته ، ودروسه ، ويعلمها أصحابه رضي الله عنهم ، وقد جمع جميع رواياتها ، وألفاظها العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ـ رحمه الله ـ في رسالة صغيرة في حجمها ، كبيرة في فائدتها ، بعنوان : ( **خطبة الحاجة** ) ، فمن أراد الاستزادة فليرجع إليها .

**موسڵمانی بەڕێز** : ئەم نووسین و بابەتەی بەردەستت سێ بابەت و بەرهەمی ئامادەکارن پێشووتر لە هەندێك لە ژمارەکانی ( **گۆڤاری ڕێگای ڕاست** ) ـدا بڵاوکراونەتەوە ، جا لەبەر گرنگی بابەتەکان و پەیوەست بوونیان بە یەکێك لە پایە کرداریە گرنگەکانی ئیسلام ـ بەڵکو بە گرنگترینیانەوە ـ کە نوێژە ، وە لەبەر کەمتەرخەمی موسڵمانان لەم بابەتانە و بێ ئاگایی زۆرێکیان لێیان ، بە پێویستم زانی بەکۆکراوەیی و لە یەك پەرتوکدا و لەژێر ناونیشانی ( **سێ باسی گرنگ لە : باسەکانی نوێژ** ) ـدا کۆیان بکەمەوە ، بۆ ئەوەی موسڵمانان زیاتر لێیان سودمەند بن ، و ببنە توێشوویەکیش بۆ ئامادەکار و نووسەریان ... کە داواکارم لە پەروەردگاری میهرەبان و بەبەزەییم بەفەزڵ ورەحمەت وبەزەیی خۆی لێمی وەرگرێت ، و لەو کردەوانە بێت کە تەنها و تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو ئەنجام دابێتن .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**عدنان بارام کەلاری / کەلار**

**٢٣ ی / جمادى الثانية / ١٤٣٣ ك**

باسی یەکەم

# نـوێژکـردن لە نێوان کۆڵەکەکانـی مزگەوت

لە ڕوانگەی

فەرموودە ( صحیح ) ـەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

تەفریقە و پەرتەوازە بوون وجیاوازی وخیلاف لەنێو موسڵمانانداکارێکی قەدەغەکراوە لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆزدا ، ئەوەش بەپێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە ( صحیح ) ـەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، وە بەپێی ووتەی زانایانی پایەبەرزی ئیسلام [١] .

ڕەنگە یەکێك بڵێ : ئەم بابەتە چ پەیوەندیەکی بە خیلاف و جیاوازی و هۆکارەکانی تەفریقە و پەرتەوازە بوونی موسڵمانانەوە هەیە ؟!!

لە وەڵامدا ئەوترێت : ئەم سەرسوڕمانە دەڕەوێتەوە کاتێك ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوامان ﷺ پێش چاو بکەوێت ، کە تیایدا ڕێك وپێك نەکردنی ڕیزی موسڵمانان لە نوێژدا ، و پەیوەست نەبوونیان بە یەکەوە و لە یەك داپچڕاندنیانی

---

[١] بۆ ئەوەی شارەزابیت لە فەتوای زانایان سەبارەت بە قەدەغەکردنی تەفریقە و پەرتەوازەبوونی موسڵمانان ، بڕوانە پەرتۆکی : ( **جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات** ، للشيخ الدكتور ربيع بن هادي المدخلي ) ، و ( **الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة** ، للشيخ الدكتور صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان ) ، و ( **الفتاوى الجلية عن المناهج الدعوية** ، للشيخ أحمد بن يحي النجمي ) ، و ( **كيف نعالج واقعنا الأليم** ، جمعه ورتبه : أبو أنس ) ، دەبینیت چۆن زانایانی ئیسلام ـ وەك : شیخ ( ابن باز ) ، و ( الألباني ) ، و ( ابن العثيمين ) ، و ( الربيع ) ، و ( الفوزان ) ، و ( النجمي ) ، و زانایانی تریش ـ فەتوای قەدەغەکردن و حەرامی ئەم کارەیان داوە.

کردووەتە هۆی جیاوازی کەوتنە نێوان دڵی بڕوادارانەوە ، فەرموودەکەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی : " أقيموا صفوفكم ( ثلاثا ) ، والله لتقيمن صفوفكم أو ليخالفن الله بين قلوبكم " [1] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار فەرمووی : ڕیزەکانتان ڕێکخەن ، سوێند بێ بە خوای پەروەردگار ، یان ڕیزەکانی نوێژتان ڕێك دەخەن یان خوای پەروەردگار جیاوازی و خیلاف دەخاتە نێو دڵەکانتانەوە .

کەواتە : ڕێك و پێکی ڕیزەکانی نوێژ و پەیوەست بوونیان کاریگەری هەیە لە یەکخستنی دڵی موسڵمانان و پەیوەست بوونیان ، بە پێچەوانەشەوە کاریگەریەکەی پێچەوانە دەبێتەوە .

بەمەش ـ بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ـ سەرسوڕمان لە لای خوێنەری بەڕێز دەڕەوێتەوە ...

نوعمانی کوڕی بەشیر رضي الله عنه کە یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ، پاش ئەوەی کە ئەم فەرموودەیە دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت : " فرأيت الرجل يلصق منكبه بمنكب صاحبه ، وركبته بركبة صاحبه ، وكعبه بكعب صاحبه " [2] ، واتە : دوای ئەوەی کە

---

[1] ( صححه العلامة الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة : ١ / ٧١ ، برقم : ٣٢ ، وفي سنن أبي داود : ١ / ١٧٨ ، برقم : ٦٦٢ و ٦٦٣ ، وفي سن ابن ماجه : ١ / ٣١٨ ، برقم : ٩٩٤ ، وفي سنن النسائي : ٢ / ٨٩ ، برقم : ٨١٠ ، وفي جامع الترمذي : ١ / ٤٣٨ ، برقم : ٢٢٧ ) .

[2] ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ١ / ٧١ بقولة : سنده صحيح ) .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرموو : پیاوانم دەبینی شانیان دەلکاند بە شانی هاوڕێکانیانەوە ، و چۆکیان بە چۆکی هاوڕێکانیانەوە ، و قاپەڕەقەشیان بە قاپەڕەقەی هاوڕێکانیانەوە .

لەم دوو فەرموودەیەوە ـ هەروەکو شیخی پایە بەرزی ئیسلام و فەرموودە ناسی سەردەم ( محمد ناصر الدين الألباني ) ـ بە رەحمەت بێت ـ فەرموویەتی ـ دەردەکەوێت کە :

۞ ڕێککردنەوەی ڕیزەکانی نوێژ و ڕێکخستن و ڕاست وەستان تیایاندا واجبە [١] .

۞ ئەو ڕێککردنەوە و ڕاست وەستانە بەوە دەبێت : کە شان بەشانەوە بلکێنرێت و لاپێکانیش بە لاپێکانەوە [٢] .

۞ خراپەی ڕووکەش و ڕووکار و دەرەوەی موسڵمانان کاریگەری هەیە لە سەر دەروون ، و جیاوازی دڵەکان [٣] .

---

[١] بڕوانە : ( السلسلة الصحيحة : ١ / ٧١ ، للشيخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني ، في تعليقه على حيث رقم : ٣٢ ) .

[٢] بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[٣] بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو .

لەگەڵ ئەمانەشدا : ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن بایەخیان داوە بە ئەنجامدانی هۆکارەکانی پەیوەست بوونی دڵەکان بە یەکەوە ، و تا چ ڕادەیەکیش دوورکەوتنەتەوە لە هۆکارەکانی پەرتەوازە بوون و خیلاف لە نیو موسڵمانان‌دا .

جا موسڵمانی بەڕێز : دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە ڕێککردنەوەی ڕیزەکانی نوێژ و پەیوەست بوونیان هۆکارێکە بۆ پەیوەست کردن و یەکخستنی دڵی موسڵمانان ، و نەهێشتنی جیاوازی و خیلاف لە نێوان موسڵمانان ، جێی خۆیەتی گرنگی پێبدرێت لە لایەن موسڵمانانەوە .

هۆکارێکیش لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بڕینی ڕیزەکانی نوێژ : نوێژ کردنە لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت لە کاتی نوێژی جەماعەتدا ، جا با پێکەوە بڕۆینە خزمەت فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بۆ ئەوەی بزانین نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت ، حوکمی چیە ؟ و زانایان سەبارەت بەم کردارە چیان فەرمووە .

## ئەو فەرمووودانە کە لەم بارەیەوە هاتوون

**فەرمووودەی یەکەم :** لـە ( معاوية ) ـەی کـوڕی ( قرة ) وە ﷺ دەگێڕنـەوە ، ئەویش لە باوکیەوە ﷺ کە فەرموویەتی : " كنا نُنْهَى عن الصلاة بين السواري ، ونُطرَدُ عنها طرداً " [1] ، واتە : ئێمەی هـاوەڵانی پێغەمبـەر ﷺ لـەو سـەردەمەدا یاساغیمـ ( نەهیم ) ـان لێدەکرا لە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگـەوت ، و دەریش دەکراین لەو شوێنانەدا .

شێخ ( محمد ناصر الدين ) ـی ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سـەبارەت بـەم فەرمووودەیە فەرموویەتی : ئەم فەرمووودەیە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لـە سـەر وازهێنان لە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا ، و ئەوەش پێویست دەکـات

---

[1] ( رواه ابن ماجه في سننه : ج١ / ص : ٣٢٠ ، برقم : ١٠٠٢ ، باب : الصلاة بين السواري في الصف ، و البيهقي في السنن الكبرى : ج٣ / ص : ١٠٤ ، برقم ٤٩٨٦ ، باب : كراهية الصف بين السواري ، مع زيادة : " ... أن نقوم بين السواري في الصلاة " ، والحاكم وصححه في المستدرك : ج ١/ ص : ٣٣٩ ، وحسنه الشيخ محمد ناصرالدين الألباني في صحيح ابن خزيمة ، برقم ١٥٦٧ ، وفي السلسة الصحيحة : ١ / ٦٥٥ ، برقم : ٣٣٥ .

وقال ـ رحمه الله تعالى رحمة واسعة ـ معلقا على الحديث : " وهذا الحديث نص صريح في ترك الصف بين السواري ، وأن الواجب أن يتأخر أو يتقدم إلا عند الإضطرار ، وقال مالك : لا بأس بالصفوف بين الأساطين إذا ضاق المسجد " ) .

كە پێویستە نوێژگەر لە كاتی نوێژی جەماعەتدا یان بڕواتە دواوە یان بێتە پێشەوە ، ئیللا لە كاتی پێویست و زەروورەتدا نەبێت [٢] .

**فەرموودەی دووەم :** ( عبد الحميد ) كوڕی ( محمود ) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێ : جارێكیان لە گەڵ ( أنس ) ـی كوڕی ( مالك ) ـدا رضي الله عنه لەپشت یەكێك لە كاربەدەستانەوە نوێژمان كرد ، خەڵكەكە زۆری پێهێنایین وای لێكرین كەوتینە نێوان كۆڵەكەكانی مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژكەمان ، [ بەڵام ( أنس ) ـی كوری ( مالك ) رضي الله عنه ڕۆشتە دواوە ] ، پاشان كە لە نوێژەكەمان بووینەوە فەرمووی : " كنا نتقي هذا على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم " [١] ، واتە : ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم خۆمان دەپاراست لەمەی كە ئێوە ئەنجامی دەدەن ـ واتە: نوێژكردن لە نێوان كۆڵەكەكانی مزگەوت ـ.

---

[٢] ( السلسلة الصحيحة : ١ / ٦٥٥ ، برقم : ٣٣٥ ) .

[١] رواه أحمد في مسنده : ج٣ / ص ١٣١ ، برقم ١٢٣٦١، وأبو داود في سننه :ج ١ / ص ١٨٠ ، باب : الصفوف بين السواري ، برقم ٦٧٣ ، والبيهقي في السنن الكبرى : ج٣ / ص ١٠٤ ، باب : كراهية الصف بين السواري ، برقم ٤٩٨٥ ، وعبد الرزاق في مصنفه : ج ٢/ ص ٦٠ ، برقم ٢٤٨٩ ، وابن أبي شيبة في مصنفه : ج٢ / ص١٤٦ ، باب : من كان يكره الصلاة بين السواري ، برقم ٧٤٩٨ ، ورواه الحاكم وصححه في المستدرك ج : ١ ص : ٣٣٩ ، و الطبراني في السنن الكبرى ج ١ / ص ٢٩٠ ، باب الصف بين السواري ، برقم : ٨٩٥ ، و صححه الألباني في : سنن أبي داود : ١ / ١٨٠ ، برقم ٦٧٣ ، وفي سنن النسائي : ٢ / ٩٤ ، برقم ٢٨١ ، وفي جامع الترمذي : ١ / ٤٤٣ ، برقم ٢٢٩ ، وفي صحيح ابن خزيمة ، برقم : ١٥٦٨ .

# ووتەی زانایان سەبارەت بەحوکمی نویژکرددن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا

زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەحوکمی نویژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا ، جیاوازیانیش لە نێوان : قەدەغەکردن ( واتە : التحريم ) و بە مەکروە دانان ( واتە : الكراهة ) ، و ڕێپێداندایە ( واتە : الرخصة ) ، **بۆ نمونە :**

پێشەوا ( الترمذي ) دەفەرموێت : " و ( كره ) قوم من أهل العلم أن يصف بين السواري وبه قال أحمد وإسحاق وقد ( رخص ) قوم من أهل العلم في ذلك " [١] ، واتە : کۆمەڵێك لە زانایان بۆ ئەوە دەچن کە مەکروهە نوێژ لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت داببەسترێ ، لەوانەش پێشەوا ( أحمد ) ی کوڕی ( حنبل ) ، و ( إسحاق ) ـ بە ڕەحمت بن ـ وە کۆمەڵێکی تر لە زانایان ڕێیان داوە بە ئەنجام دانی .

وە پێشەوا ( الشوكاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەفەرموێت : " ... وظاهر حديث معاوية بن قرة عن أبيه وحديث أنس الذي ذكره الحاكم أن ذلك ( محرم ) " [٢] ، واتە : ڕواڵەتی فەرموودەکەی ( معاوية ) ی کوڕی ( قرة ) کە لە باوکیەوە

---

[١] سنن الترمذي ( ج١ : ص٤٤٤ ) .

[٢] ( نيل الأوطار : ج٣ : م٢ : ص ١٩٢ ) .

دەیگێرێتەوە ، و فەرموودەکەی ( أنس ) یش کە پێشەوا ( حاکم ) دەیگێرێتەوە حوکمی ئەوەمان پێ دەدات کە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت قەدەغە و حەرامە .

لەم بارانەشدا ، پێویستە بۆ زانینی بۆچوونی ڕاست لە بۆچوونی زانایان ، بابەتەکە تاوتوێ بکەین لە ڕوانگەی فەرموودە ( صحیحة ) ـەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ بەشێوەیەکی زانستیانە ، و بە بێ دەمارگیری بۆ هیچ کەسێك جگە لە ملکەچبوون نەبێ بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، جا با بزانین بۆچوونی هەڵبژاردە چیە لەو بۆچوونانەی سەرەوە ؟

# بۆچوونی هەڵبژاردە

ڕواڵەتی فەرموودەی یەکەم کە ( معاوية ) لـە باوکیـەوە دەیگێڕێتـەوە حـوکمی ئەوەمان پێ دەدات کە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت قەدەغە وحەرامـە ، چونکە :

**یەکەم :** هەروەکو لە ( أصول الفقه ) ـدا ڕوونکراوەتـەوە : [ النهي للتحريم ما لم تصرفه قرينة ] ، واتە : نەهی بۆ تەحریمە ئەگەر قەرینە نەبێت ئەو نەهیـە بکـات بە مەکروه ، لێرەشدا هیچ قەرینەیەك لە ووتەی زانایاندا بـاس ناکرێـت ببێـت بـە گۆڕەری حوکمەکە لە تەحریمەوە بۆ کەراهەت .

ڕەنگە بووترێت باشە ئەو فەرموودە ( صحيح ) ـەی کە ( ابن عمر ) رضي الله عنه لە ( بلال ) رضي الله عنه دەیگێڕێتـەوە سـەبارەت بەنوێـژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە نێـوان کۆڵەکەکانی کەعبەدا نابێتە قەرینە بـۆ گـۆڕینی ئـەو حوکمـە لـە حەرامـەوە بـۆ کەراهەت ؟!!

لە وەڵامدا دەوترێت : ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو فەرموودەیـە کـە ( ابن عمر ) رضي الله عنه بومانی دەگێڕێتەوە وتێیدا دەفەرموێت : پێغەمبەری خـوا ﷺ ڕۆشـتە نـاو کـەعبەوە ، لـەگـەڵ ( أسامة بن زيد ) و ( عثمان بن طلحة ) و ( بلال ) ـ ڕەزای

خوایان لێ بێت ـ و زۆر مایەوە ، پاشان دەرچوو ، یەکەم کەس من بووم بە دوایدا چوومە ژوورەوە ، و پرسیارم لە ( بلال ) کرد ﷺ ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە کوێ نوێژی کرد ؟ فەرمووی : لە نێوان دوو کۆڵەکەکەی پێشەوە [1] ، دەردەکەوێت : کە ئەم فەرموودەیە ناکرێتە بەڵگە بۆ ئەو مەبەستە ، چونکە ئەم فەرموودەیە باس لە نوێژی تاك دەکات ، کە چی فەرموودەکەی ( معاوية ) رضي الله عنه کە لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە باس لە نوێژی جەماعەت دەکات ، بەمەش وڵامی ئەم پرشیارە ئاشکرا دەبێت .

پێشەوا ( الحافظ ابن حجر ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " قال ( الرافعي ) في ( شرح المسند ) : احتج البخاري بهذا الحديث . أي حديث ابن عمر عن بلال . على أنه لا بأس بالصلاة بين الساريتين إذا لم يكن في جماعة ... " [1] ، واتە : پێشەوا ( البخاري ) ئەم فەرموودەیەی کردووە بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە : نوێژ ئەگەر لە جەماعەتدا نەبێ هیچی تێدا نیە لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا بکرێت .

وە پێشەوا ( أبو حاتم ) فەرموویەتی : " هذا الفعل ينهى عنه بين السواري جماعة ، وأما استعمال المرء مثله منفردا فجائز " [2] ، واتە : ئەم کردارە نەهی لێ

---

[1] فتح الباري ( ج١ : ص٦٨٨ ) برقم : ٥٠٤ ، باب : الصلاة بين السواري في غير جماعة .

[1] فتح الباري ( ج١ : ص٦٨٩ ) برقم : ٥٠٤ ، باب : الصلاة بين السواري في غير جماعة .

[2] صحيح ابن حبان ( ج ٥ : ص ٥٩٨ ) .

دەکرێت لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا ئەگەر لە جەماعەتدا بێت ، بەڵام ئەنجامدانی بە تەنهایی ڕێی پێدراوە و جائیزە .

**دووەم :** نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت هۆکارە بۆ بڕینی ڕیزی نوێژی موسڵمانان ، ئاشکراشە ئەم کردارە ـ واتە بڕینی ڕیزەکانی نوێژ ـ حەرام و قەدەغەکراوە ، ئەوەش بەپێی ئەم فەرموودانە :

۞ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " ... ، ومن وصل صفا وصله الله ومن قطع صفا قطعه الله " [١] ، واتە : ئەو کەسەی ڕیزێك بگەیەنێت خوای پەروەردگار دەیگەیەنێت ، ئەو کەسەش ڕیزێك ببڕێت خوای پەروەردگار دەیبڕێت ، ئەم جۆرە هەڕەشانەش بۆ ئەنجامدانی حەرامێك نەبێت ناوترێت .

۞ وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أقيموا صفوفكم ( ثلاثا ) والله لتقيمن صفوفكم أو ليخالفن الله بين قلوبكم " .

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە موسڵمانان بەکارێکی قەدەغەکراو هەڵدەستن .

وە چەندەها فەرموودەی تر کە ئێرە جێگای باسکردنی هەمووی نیە .

جا موسڵمانی بەڕێز : هۆکاریش بۆ حەرام بێگومان حەرامە .

---

[١] صححه العلامة الألباني في ( سنن أبي داود : ١ / ١٧٨ ) ، برقم : ٦٦٦ ، و في ( سنن النسائي : ٢ / ٩٣ ) ، برقم : ٨١٩ .

پێشەوا ( البيهقي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ پاش ئەوەی کە هەندێك فەرموودە لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : " وهذا . يعني النهي عن الصلاة بين السواري . والله أعلم ؛ لأن الأسطوانة تحول بينهم وبين وصل الصف ... " [٢] ، واتە : ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کۆڵەکەکان دەبنە هۆی بڕینی ڕیزەکانی نوێژ ـ خواش زاناترە ـ .

وە پێشەوا ( أحمد بن حنبل ) یش ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە هۆکاری نەهیەکە بڕینی ڕیزەکانی نوێژە هەروەکو ( أبو داود ) لە ( مسائل ) ـەکانیدا فەرموویەتی : (( سمعت أحمد سئل عن الصلاة بين الأساطين ؟ قال : إنما كره ؛ لأنه يقطع الصف فإذا تباعد بينهما فأرجو )) [١] .

**تێبینی** : موسڵمانی بەڕێز خوای پەروەردگار من و تۆش چاوڕۆشن بکات لە ئایینە پیرۆزەکەی ، بزانە : کە بەکارهێنانی ووشەی ( المكروه ) لە لای زانایان و پێشەوایانی کۆنمان ، زۆربەی جار بە مەبەستی حەرامە ، بۆیە ئەگەر کەسێك پێی ووتی : بۆچی ئەم کردارە بە حەرام دابنرێت لە کاتێکدا زۆربەی پێشەوایانی کۆن فەرموویانە : مەکروهە !!! مەکروهیش وەکو زانراوە : ئەو کردار و گوفتارانەیە کە

---

[٢] سنن البيهقي الكبرى ( ج٣ : ص١٠٤ ) ، باب : كراهية الصف بين السواري .
نقل الشوكاني . رحمه الله تعالى . في ( نيل الأوطار : ج٣ : م٢ : ص ١٩٢ ) : قولا عن ( أبي بكر ابن العربي ) في علة النهي الوارد عن الصلاة بين السواري ما نصه : " أن ذلك إما لإنقطاع الصف ، أو لأنه موضع جمع النعال . قال ( ابن سيد الناس ) : والأول أشبه لأن الثاني محدث . قال ( القرطبي ) : روي أن سبب كراهة ذلك ، أنه مصلى الجن المؤمنين " .

[١] لە ( الثمر المستطاب : للألباني : ١ / ص ) ـەوە وەرگیراوە .

تاوان لە کردنیاندا نیە ، بەڵام نەکردنیان لە بەر خوای پەروەردگار پاداشتی لە سەرە ... تۆش لە وەڵامدا ئەم ووتەیەی شێخی پایەبەرزی ئسلام بلێ ، کە فەرموویەتی : " وغلط كثير من المتأخرين من أتباع الأئمة على أئمتهم بسبب ذلك ، حيث تورع الأئمة عن إطلاق لفظ التحريم ، وأطلقوا لفظ الكراهة ، فنفى المتأخرون التحريم عما أطلق عليه الأئمة ، ثم سهل عليهم لفظ الكراهة ، و خفت مؤنته عليهم فحمله بعضهم على **التنزيه** ... فحصل بسببه غلط عظيم على الشريعة ، وعلى الأئمة " [٢] ، واتە : زۆر لە پاشینان ، لە شوێن کەوتوانی پێشەوایانی ئیسلام بە هۆی ئەوەوە بە هەڵەداچوون ، لە کاتێکدا پێشەوایان خۆیان گرتۆتەوە لە بەکار ووشەی حەرام ، و لە جیاتیدا ووشەی مەکرهیان بەکارهێناوە ، بۆیە دەبینین ئەوانەی کە لە پاش ئەوان هاتوون ، هیچ لەو کردار و گوفتارانەیان بە حەرام دانەناوە کە ووشەی مەکروهیان بۆ بەکارهێنراوە ، بەمەش ووشەی مەکروهیان لە لا ئاسان بووە ، و لێکدانەوەشیان لەلا ئاسان بووە ، بەڵکو : ووتویانە : بۆ کەراهەتی ( **التنزيه** ) ییە ... بۆیە بە هۆیەوە هەڵەیەکی زۆر دراوەتە پاڵ ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، و ئەو پێشەوا بەرێزانەش .

---

[٢] ( إعلام الموقعين : ١ / ٣٩ ) .

## چەند فەتوایەك سەبارەت بەم کردارە

**پرسیاری یەکەم :** (( وسئل فضيلة الشيخ محمد الصالح العثيمين . رحمه الله تعالى . : عن حكم الصلاة بين السواري ؟ )) ، واتە : پرسار کرا لە بەڕێز ( محمد ) کوڕی ( الصالح العثيمين ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوت ؟

بەڕێزیشیان لە وەڵامدا فەرمووی : (( الصلاة بين السواري جائزة عند الضيق . أمَّا في حال السعة فلا يصلى بين السواري ؛ لأنها تقطع الصفوف )) ، واتە : نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکانی مزگەوتدا لە کاتی تەنگی دروستە ، بەڵام لە کاتی فراوانی و ئەوا نوێژ ناکرێت لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا ، چونکە ڕیزەکانی نوێژ دەبڕێت .

**پرسیاری دووەم :** وە پرسیارکرا لە شێخ ـ ڕەحمەتی خوای پەروەردگاری لێبێت ـ سەبارەت بەوەی کە لە هاوەڵانەوە پێمان گەشتووە کە : (( أن الصحابة رضي الله عنهم كانوا يُطْرَدُون عن الصف بين السواري طَرْدَاً ، وكانوا يَتَّقُون الصف فيها ، فهل الصف بينها

محرم كما هو ظاهر النهي ؟ وإذا ترتب على ترك الصف بين السواري إنكار من قبل العامة والمقلدين ، الأمر الذي قد يؤدي إلى مشكلة في المسجد ، فهل يجوز الصف بينها درءاً للفتنة ، أفتونا أثابكم الله خيراً وحفظكم ؟ )) ، واته : هاوه‌ڵان ﵃ دووره‌خرانه‌وه و ده‌رده‌كران له‌ڕیزبوون له‌نێوان كۆڵه‌كاندا ، و خۆشیان ده‌پاراست له ڕیزبوون له نێوانیاندا ، جا ئایا ڕیزبوون له نێوانیاندا - كۆڵه‌كه‌كان - حه‌رامه ، هه‌روه‌كو له ڕووكه‌شی یاساغ ( نه‌هیـ ) ـه‌كه ده‌رده‌كه‌وێت ؟ وه ئایا ئه‌گه‌ر له ئاكامی وازهێنان له نوێژكردن له نێوان كۆڵه‌كه‌كاندا ئینكاركردنی خه‌ڵك و لاسایكاران هاته‌كایه‌وه - به‌شێوه‌یه‌ك كه ڕه‌نگه ببێته هۆی كێشه له مزگه‌وتدا - ئایا دروسته ڕیزبوه‌سترێت له نێوانیاندا ، بۆ ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئاشوبه ؟ وه‌لاممان بده‌نه‌وه خوای په‌روه‌ردگار پاداشتان بداته‌وه ، وبتانپارێزێت .

**به‌ڕێزیشیان به‌م ووته‌یه وه‌ڵامی دایه‌وه :** (( الصف بين السواري جائز إذا ضاق المسجد ، حكاه بعض العلماء إجماعاً ، وأما عند السعة ففيه خلاف ، والصحيح : أنه منهي عنه ؛ لأنه يؤدي إلى انقطاع الصف لا سيما مع عرض السارية ، وأما ترك الصف بينها إذا خيفت الفتنة فلا أظن ذلك وارداً ، لإمكان الرجل أن يقف في الصف الذي يليه ويبين للناس حكم الصف بين السواري بدليله ومن أراد الحق سهل الله له قبوله بين الناس أو امتحنه بما يتبين به صدقه حتى يكون إماماً ، قال الله تعالى : ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ )) ، واته : ڕیزبوون له نێوان كۆڵه‌كه‌كانی مزگه‌وت له كاتێكدا دروسته ئه‌گه‌ر مزگه‌وته‌كه

تەسك و بچووك بێت ، هەندێك لە زانایان كۆڕایان لەسەر ئەم بۆچوونە گێڕاوەتەوە ، بەڵام لە كاتی فراوانیدا ئەوا زانایان جیاوازن تێیدا ، و ووتەی دروست و ڕاستیش ئەوەیە كە ئەو كارە یاساغـ ( نەهـ ) ـی لێكراوە ، چونكە دەبێتە هۆی بڕینی ڕیزەكانی نوێژ ، بەتایبەت ئەگەر كۆڵەكەكە پان بوو ، وە سەبارەت بەوەی كە ئەگەر نوێژیان لەنێواندا نەكرێت ئاشووبی لێدەبێتەوە ، وانازانم ئەو شتە ڕووبدات ، چونكە پیاو دەتوانێت لە ڕیزێكی دواتر بووەستێت ، و بەبەڵگەوە حوكمی نوێژكردن بۆ خەڵكەكە لە نێوان كۆڵەكەكان ڕوونبكاتەوە ، وە ئەو كەسەش كە مەبەستی گەیاندنی ڕەوایی بێت خوای پەروەردگار وەرگرتنی و قەبولی خەڵكی بۆ ئاسان دەكات و یان تاقی دەكاتەوە بەوەی كە ڕاستی دەركەوێت و ببێت بە پێشەوایەك ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴾ .

**پرسیاری سێیەم** : وە هەروەها پرسیاری لێكرا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ (( عن حكم قطع بأعمدة المسجد إذا كان مزدحماً بالمصلين ؟ )) ، واتە : سەبارەت بە حوكمی بڕینی ڕیزەكانی نوێژ بە كۆڵەكەكانی مزگەوت ، ئەگەر مزگەوتەكە قەڵەباڵەغ بوو بە نوێژگەران ؟

**بەڕێزیشیان وەڵامی دایەوە بەوەی كە فەرمووی** : (( لا ريب أن الأفضل في الصفوف أن تكون متراصة غير متباعدة ، هذا هو السنة .

وقد أمر النبي ﷺ بالتراص ، وسد الخلل .

وكان الصحابة رضي الله عنهم ـ يتقون الصفوف بين السواري ـ أي بين الأعمدة ـ لما في ذلك من فصل الصف عن بعض .

ولكن إذا دعت الحاجة إليه كما في السؤال بأن يكون المسجد مزدحماً المصلين ، فإنه لا حرج في هذه الحال أن يصطفوا بين الأعمدة ؛ لأن الأمور العارضة لها أحكام خاصة ، وللضرورات والحاجات أحكام تليق بها )) .

واتە : گومان لەوەدا نیە کە باشتروایە کە ڕیزەکانی نوێژ ئەوەیە کە ڕێك و پێك بن و دوورلەیەك نەبن ، ئا ئەوە سوننەتە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بەوەی کە ڕیزەکانی نوێژ ڕێك و پێك بکرێن ، و کون و کەلەبەریان پڕبکرێتەوە .

هاوەڵانیش رضي الله عنهم خۆیان دەپاراست لەوەی کە نوێژ بکەن لە نێوان کۆڵەکان ـ واتە : لە نێوان دنگەکان ـ ئەوەش لەبەر ئەوەی کە بەشێك لە ڕیزەکان لەبەشەکانی تریان دابڕدەکەن و دەبڕێنن .

بەڵام ئەگەر پێویستی وای کرد کە نوێژ لە نێوان کوڵەکەکاندا بکرێت ـ هەروەکو لە پرسیارەکەدا دەردەکەوێت ـ بەوەی کە مزگەوتەکە قەڵەباڵەغ بێت بە نوێژگەران ، ئەوا ئەو کاتە هیچی تێدا نیە کە ڕیزببەستن لە نێوان کۆڵەکەکاندا ،

چونکە ئەو بارودۆخانەی دێن بەسەردا حوکمی تایبەتی خۆیان هەیە ، و پێویستی و زەروورەتەکانیش حوکمی لایەق بەخۆیان هەیە .

**پرسیاری چوارەم :** وە پرسیار لێکرا ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە (( في بعض الجوامع يقطع المنبر الصف الأول ما حكم ذلك ؟ )) ، واتە : لە هەندێك لە جامع و مزگەوتەکاندا مینبەرەکە ڕیزی یەکەم دەبڕێت ، جا ئایا حوکمی ئەوە چیە ؟

**بەڕێزیشیان وەڵامی دایەوە بەوەی کە فەرمووی :** (( ينبغي للإمام إذا كان المسجد واسعاً وكان المنبر يقطع الصف أن يتأخر حتى يكون الصف الذي خلفه متصلاً بعضه ببعض غير مفصول بالمنبر ؛ لأن الصحابة ﷺ كانوا يتقون الصف بين السواري أي بين الأعمدة لأنها تقطع الصف ، فأما إذا لم يمكن بأن كان العدد كثيراً ولابد من تقدم الإمام فحينئذ يكون قطع الصف بالمنبر لحاجة ولا بأس به )) ، واتە : پێویستە لە سەر پێشنوێژ ئەگەر مزگەوتەکەی فراوان بوو ، و مینبەرەکەشی ڕیزی یەکەمی دەبڕی بڕواتە دواوە ، تاکو ئەو ڕیزەی کە لەپاشەوەیەتی هەموو بەشەکانی بەیەکەوە بن ، و نەبڕێن و لێك دانەترازێن بەهۆی مینبەرەکەوە ، چونکە هاوەڵان ﷺ خۆیان دەپاراست لە نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکاندا ـ واتە لە نێوان دنگەکاندا ـ چونکە ڕیزەکانیان دەبڕی ، بەڵام ئەگەر ئەوە نەکرا بەوەی کە ژمارەی نوێژگەران زۆربوون ، و دەبێت پێشنوێژ پێشبکەوێت ، ئا لەو کاتەدا بڕینی ڕیزی یەکەم بەهۆی مینبەرەکەوە ـ لەبەر پێویستی ـ هیچی تێدا نیە .

## فەرموودەیەکی ( ضعیف ) لەم باسەدا

لە ( ابن عباس ) ـەوە ﵁ دەگێڕنـەوە کـە فەرموویـەتی : (( قال رسول الله ﷺ : " عليكم بالصف الأول ، وإياكم والصف بين السواري " )) [1] ، واتـــە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەوڵبدەن نوێژ لـە ڕیـزی یەکەمـدا بکـەن ، و ئامان نەکەن نوێژ لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەوتدا بکەن .

---

[1] ضعفه الألباني : في ( السلسلة الضعيفة : ٦ ) ، برقم : ٢٨٩٥ ، وفي ( ضعيف الجامع ) بتحقيقه : حديث رقم : ٣٧٦٧ .

## کۆتـــایی

## و ئامۆژگاریەکی شێخ ئەلبانی

دوای ئەوەی کە حوکمی نوێژکردن لە نێوان کۆڵەکەکانی مزگەت ، خرایەڕوو ، با بزانین ئامۆژگاری زانای فەرمـوودە ناسی سەردەم ( محمد ناصر الدين الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ چیە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرپەرشـتی دروسـتکردنی مزگەوتـەکان دەکەن ؟

ئەم زانا پایەبەرزە فەرموویەتی : (( لە بەرئەوە دەڵێم : پێویستە لە سـەر ئـەو کەسەی کـە ئەیـەوێ مزگـەوتێ یـان جامعێـك بنیاتبنـات ، فـەرمان بکـات بـە ئەندازیارەکە بەوەی کە بەشێوەیەك نەخشە ( خارطة ) ـەی بۆ دابڕێژیت تا دەتوانێـت کۆڵەکەی کەمی تێدا بێت ، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەفسەدەیەی کـە لەسـەر

بوونی ئەو كۆڵەكانە دێتەكایەوە لەو مزگەوتەدا ، لە بڕینی ڕیزەكانی نوێژ و تەنگكردنەوەی شوێنی موسڵمانان لە نوێژەكانیاندا [١] ، ئەوەش ـ لە ڕۆژگاری ئەم ڕۆدا لەتوانادا هەیە ، تەنانەت دەتوانرێت مزگەوت بەبێكۆڵەكە دروست بكرێت ، بە هۆی چیمەنتۆ و ئاسنەوە ( وەكو : شیشی صەب ) ، ئەگەر مزگوتەكە زۆر گەورە و بەربلاو نەبێت ، بۆ نموونە : لە ( دمشق ) ـدا چەندەها مزگەوت لە سەر ئەم شێوەیە دروست كراون ، وەك مزگەوتی ( لالا باشا ) لە گەڕەكی ( بغداد ) ، و جامعی ( المرابط ) لە گەڕەكی ( المهاجرین )، جگە لەمانیش ، دەبینیت هەموو ڕیزەكانی نوێژ پەیوەستن بە یەكەوە ، جگە لە ڕیزە یەكەمینەكان نەبێت ، بەهەموو ئەسەفێكەوە بە هۆی ئەو بیدعەیەوە بڕاوە ، كە هەموو مزگەوتەكانی گرتۆتەوە ، مەبەستیشم پێی ئەو مینبەرە بەرز ، و درێژانەیە ، كە پلەیەكی زۆریان بۆ دەكرێت ، چونكە لە گەڵ ئەوەشدا بیدعەیە ، و پێچەوانی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، لە مینبەرە سێ پلەی یەكەیدا ، ئەو هەموو زەخرەفە و نەقش و ئیسرافەشی تێدا

---

[١] ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە زانایان بێ ، بۆ ڕاستی و ڕەوانی ئامۆژگاریەكانیان ، چونكە هەمووكاتێك هەوڵیان ئەوەبووە ، مەفسەدە لە موسڵمانان دوور وكەمبكەنەوە ، بە پێچەوانی نەزان ، و خۆبەزانا دانەران ( المتعالمون ) هەمیشە لە زیادكردنی مەفسەدە ، و هۆكارەكانی تەفریقەدان ، بۆ نمونە : لە ( مزگوتی تەقوای كەلار ) لەلایەن یەكێك لەو خۆبەزا زانانە كونێكی بازنەیی لە نهومی ( طابق ) دووەمی مزگەوتەكە كراوەتەوە ، بوەتە هۆی بڕینی نیوەی ڕیزەكانی مزگەوت !!! بەناوی ( دانایی !!! ) یەوە ، خوا پەنامانـدات لە نەزانین و خۆبەزادانان ـ جا ئەم تاوانەش ـ بێگومان ـ لە وە گەورەترە كە كۆڵەكەیەك ڕیزێك ، یان دوو ڕیز ببڕێت !!!
داواكاریشین لە بەڕێوەبەرانی مزگەوتەكە هەوڵی ئەوەبدەن ئەم كارە نەزانكاریە ، و دوور لە دانابییە لە مزگەوتەكە بنبڕبكەن ، پەروەردگاریش پاداشتی چاكەكاران دەداتەوە .

دەکرێت و ئەو هەموو پارەیەی کە تێدا بەفیڕۆ دەدرێت ، لە حوکمدا حوکمی کۆڵەکەکانی مزگوتی هەیە ، لەوەی کە دەبێتە هۆی بڕینی ڕیزەکانی نوێژ ، بەڵکو بگرە لەوانیش زەرەرمەندترە [١] ، چونکە ئەو جۆرە مینبەرانە دەبنە هۆی بڕینی چەندها ڕیز لە ڕیزەکانی نوێژ ، ئەوەش بەپێی درێژی مینبەرەکان ، بۆیە پێویستە لە سەر زانایان ئەوە بۆ موسڵمانان ڕوون بکەنەوە بەجوانی ، و لە وانە و ووتارەکانیشیاندا بانگەشە بکەن بۆ لابردنی ئەم جۆرە مینبەرانە ، و گێڕاندنەوەیان بۆ سەر ئەو شێوەیەی کە مینبەرەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ لە سەر بووە .

وە پێویستیشە لە سەر ئەو کەسانەی بە ڕێوە بردنی ئەم کارانەیان پێ سپێردراوە ، ئەو کارە ئەنجام بدەن بۆ ڕزگار کردنی موسڵمانان لە مەفسەدەکانی ئەو کارە )) [١] .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

---

[١] بێگومان بەقیاسکردن ( القیاس الصحیح ) بۆمان دەردەکەوێت کە کردنەوەی ئەو جۆرە کونە نەزانکاریانە ـ کە لە ( مزگەوتی تەقوای کەلار ) کراوەتەوە ـ خراپتر و زەرەرمەندترە لە کۆڵەکەکانی مزگەوت ، لەو ڕووەی کە دەبێتە هۆی بڕینی نیوەی ڕیزەکانی مزگەوت .

[١] ( الثمر المستطاب : للألباني ) ( ١ : ص ) .

وصلی الله علی محمد وآله و صحبه وسلم

**باوکی سوننە**

**کەلار ـ کوردستان ـ عیراق**

٩ / ٦ / ٢٠٠٤ م

/ / ١٤٢٤ هـ

**باسی دووەم**

# سوترەی نوێژگەر

## حوکم و ئادابەکانی

## لە سوننەتی ( صحیح ) ـی پێغەمبەری خوادا ﷺ

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين ، و على آله وصحبه ومن دعا بدعوته إلى يوم الدين ... أما بعد :

نه‌زانین و كه‌م ئاگایی له‌ گه‌وره‌ترین سه‌رچاوه‌ی ئایینی ئیسلام ـ دوای قورئانی پیرۆز ـ كه‌ فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوایه‌ ﷺ وای له‌ موسڵمانان كردووه‌ زۆر له‌ واجبات و پێویستیه‌كانی ئایین و سوننه‌ته‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوایان ﷺ له‌ بیر چووبێتنه‌وه‌ ، و له‌ كردار و گوفتاریاندا ڕه‌نگ نه‌داته‌وه‌ ، بۆیه‌ له‌ زۆر له‌ فه‌رمووده‌دا پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هانی موسڵمانانی داوه‌ كه‌ بانگه‌شه‌ بكه‌ن بۆ زیندووكردنه‌وه‌ی ڕێچكه‌ و ڕێباز و سوننه‌ته‌كانی ، به‌و كاره‌شیان پاداشتی ئه‌وانه‌شیان ده‌ست ده‌كه‌وێت كه‌ له‌وانه‌وه‌ ئه‌و ئه‌حكامانه‌ وه‌رده‌گرن ، هه‌روه‌كو فه‌رموویه‌تی : " من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا ... " [1] ، واته‌ : هه‌ر كه‌سێك بانگه‌شه‌ بكات بۆ چاكه‌یه‌ك ، ئه‌وا وه‌كو پاداشتی هه‌موو

[1] ( صححه العلامة الألباني في : السلسلة الصحيحة : ٢ / ٥٢٢ ، برقم : ٨٦٥ ) .

ئه‌و كه‌سانه‌ی بۆ ده‌نووسرێت كه‌ كرده‌وه‌ به‌و چاكه‌یه‌ بكه‌ن ، بێ ئه‌وه‌ی هیچ له‌ پاداشتی ئه‌وانیش ـ واته‌ : ئه‌نجامده‌رانی ـ كه‌م بێته‌وه‌ .

وه‌ فه‌رموویه‌تی : " من سن في الإسلام سنة حسنة ؛ فله أجرها ، وأجر من عمل بها من غير أن ينقص من أجورهم شيئا " [٢] ، واته‌ : هه‌ر كه‌سێك سوننه‌تێك یاك چاكه‌یه‌ك له‌ ناو موسڵمانانداا زیندوو بكاته‌وه‌ ، ئه‌وا وه‌كو پاداشتی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ی بۆ ده‌نووسرێت كه‌ كرده‌وه‌ به‌و سوننه‌ته‌ یان ئه‌و چاكه‌یه‌ ده‌كه‌ن ، بێ ئه‌وه‌ی هیچ له‌ پاداشتی ئه‌وانیش كه‌م بێته‌وه‌ .

یه‌كێكیش له‌و فه‌رمایشه‌ ئایینیانه‌ی كه‌ له‌ ناو موسڵماندا زۆر نامۆ و غه‌ریب بووه‌ له‌ ڕۆژگاری ئه‌وڕۆدا ، دانانی سوتره‌یه‌ له‌ پێش نوێژگه‌ردا ، كه‌ له‌ چه‌ندین فه‌رمووده‌ی ( صحیح ) و سه‌لمێنراوی پێغه‌مبه‌ری خوادا ﷺ پێمان گه‌یشتووه‌ ، كه‌ جێی داخه‌ له‌ واقعی موسڵماناندا ـ به‌ ڕاده‌یه‌كی كه‌م نه‌بێت ـ به‌رچاو ناكه‌وێت ، به‌ڵكو بگره‌ هه‌ندێك سه‌ره‌نه‌زانكار هه‌ن به‌ ئه‌نقه‌ست ئه‌و كاره‌ ئه‌نجام ناده‌ن بۆ چه‌واشه‌كردن و دورخستنه‌وه‌ی موسڵمان له‌ سوننه‌ته‌كانی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌یان ﷺ !! كه‌چی له‌و لاشه‌وه‌ لاف و گه‌زافی ئه‌وه‌ لێده‌ده‌ن كه‌ ئه‌وان ئه‌یانه‌وێت ده‌وڵه‌تی ئیسلامی بهێننه‌كایه‌وه‌ !!!

---

[٢] ( صححه العلامة الألباني في : سنن النسائي : ٥ / ٧٥ ، برقم : ٢٥٥٤ ) .

بۆیە ـ موسڵمانی بەڕێز ـ بە پێویستی دەزانم ئەم کورتەیە سەبارەت بە سوترە بخەمە پێش دەستی تۆی بەڕێز ، بۆ ئەوە پیِّی ئاشنا ببیت و لە ژیانی ڕۆژانەشتدا ئەنجامی بدەیت ، بەڵکو خوای پەروەردگار بە میهرەبانێتی خۆی من و تۆی بەڕێزیش بکات بە زیندوکەرەوانی سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، و ئەو کردەوەیەشمان لە تەرازوی چاکەکانماندا بنووسێت ، و لە ڕۆژێکدا پاداشتمان بداتەوە کە : ﴿ يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴾ ( سورة الشعراء : ٨٨ ـ ٨٩ ) .

## سوترە ( السُّتْرَة ) چیە ؟

ئەگەر بڕوانرێتە سەرچاوە زمانەوانیەکان بۆ زانینی وواتای ووشەی ( السُّتْرَة ) ئەوا دەبینین ئەم ووشەیە : بە هەموو شتێك دەووترێت کە بۆ ستر و ڕێگرتن و پاراستن بە کار بهێنرێت : " السترة ما استترت به من شيء كائنا ما كان ، وهو ـ أيضا ـ الستار الستارة ، والجمع : الستائر "[(١)] .

پاشان ئەم ووشەیە تایبەت کراوە بەو شتەی کە نوێژگەر لە پێشخوی دایدەنات بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە ڕۆشتنی خەڵك بە پێشیدا ، هەروەکو (

(١) العين : (٧ / ٢٣٦ ) ، ولسان العرب : (٤ / ٣٤٤ ) ، ومختار الصحاح : (١ / ١٢٠ ) ، والمطلع على أبواب المقنع : (١ / ٨٨ ) ، ومعجم البلدان : (٣ / ١٨٧ ) .

الفيومي ) فەرموویەتی : " و السُترة بالضم ... قال ابن فارس : السترة : ما استترت به كائنا ما كان ... و يقال لما ينصبه المصلي قدامه علامة لمصلاه من عصا ، و تسنيم تراب ، وغيره سترة ؛ لأَنَّه يستر المار من المرور . أي يحجبه . " [٢] .

وە ( أبو الفتح المطرز ) فەرموویـەتی : " السترة : الستر ، وقد غلبت على ما ينصبه المصلي قدامه من سوط أو عكازة " [٣] .

کەواتە پەیوەندیەك هەیە لە نێوان بنەوای زمانەوانی کە پاراستن و داپۆشینە ، لە گەڵ بەکارهێنانە شەرعیەکەی کە هەر بۆ پاراستن و ڕێگرتنە لـە تێپـەڕ بـوونی خەڵك بە نێوان نوێژگەر سوترەکەیدا .

## حیکمەت لە دانانی سوترە چیە ؟

زانایان لە باسی حیکمەت لە دانانی سـوترەدا فەرموویانـە : کـە دانـانی بـۆ پاراستنی چاوی نوێژگەرانە لە سەیرکردنی ئـەو شـتانەی کـە دەکەونـە ئـەو دیـوی سوترەی نوێژگەرەوە ، یان : بۆ ڕێگرتنە لە ڕۆشتنی ئەو کەسانەی کە دەیانـەوێت بـە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا بڕۆن ، هەموو ئەوەش بۆ پتەوکردنی دڵکـز ( خشوع ) ـی نوێژگەرە لە نوێژەکەیدا ، لە سەرچاوەکاندا هـاتووە کـە زانایـان لـەو بارەیـەوە

[٢] ( المصباح المنير ج : ١ ص : ٢٦٦ ) .

[٣] ( المغرب ج : ١ ص : ٣٨١ ـ ٣٨٢ ) .

فەرموویانــە : " قال العلماء : والحكمة في السترة : كف البصر عما وراءها ، ومنع من يجتاز بقربه " [١] .

## حوكمی سوتره

زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە لە حوكمی سـوترەدا : هەنـدێكیان بـۆ ئـەوە دەچن كە سوترە سوننەت بێت ، كەچی هەندێكی تریان بۆ ئـەوە دەچـن كـە دانـانی سوترە واجب بێت نەك سوننەت ، لە بەر فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو كـارە ، و نەهی كردنیشی لە كردنی نوێژ بە بێ سوترە .

بێگومـان بـۆچـونی هـەڵبژاردە بۆچـوونی ئـەو زانـایـانـەیـە كـە فـەرمـوویانە دانـانی سوتـرە پێویست و واجبە لە سـەر نوێژگەر ، ئەوەش لـە بـەر ئەم فەرموودانەی خوارەوە :

[١] ( شرح النووي على صحيح مسلم ج : ٤ ص : ٢١٦ ، نيل الأوطار ج : ٣ ص : ٣ ، سبل السلام ج : ١ ص : ١٤٣ ) .

( أبو سعيد ) ـی ( الخدري ) ﵁ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی : " إذا صلّى أحدكم ، فليصلّ إلى سترة وليدن منها ، ... " [(١)] ، واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد ، با نوێژکردنەکەی ڕووەو سوترەیەك بێت ، و لێشی نزیك بێتەوە .

پێشەوا ( الشوكاني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( قوله : فليصل إلى سترة : فيه أن اتخاذ السترة واجب )) [(٢)] ، واتە : ئەو ووتەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی : ( فليصل إلى سترة ) : بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە سوترە واجبە .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام شێخ ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە حوکمی سوترە ، و بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی دەڵێن سوترە سوننەتە دەفەرموێت : " القول بالاستحباب ينافي الأمر بالسترة في عدة أحاديث ذكر المؤلف أحدها ، وفي بعضها النهي عن الصلاة إلى غير سترة ، وبهذا ترجم له ابن خزيمة في ( صحيحه ) فروى هو ومسلم عن ابن عمر ﵁ مرفوعا : " لا تصل إلا إلى سترة ... وإن مما يؤكد وجوبها ، أنها سبب شرعي لعدم بطلان الصلاة ، بمرور المرأة البالغة والحمار والكلب

(١) ( أخرجه السيوطي في الجامع الصغير عن أبي سعيد ، وقال العلامة الألباني : صحيح ، انظر حديث رقم : ٦٤١ في صحيح الجامع ، وحديث رقم : ٦٥١ في صحيح الجامع ، وقال الشيخ الألباني في : ( سنن ابن ماجه : ١ / ٣٠٧ ، برقم : ٩٥٤ ) ، وفي سنن أبي داود ( ١ / ١٨٦ ، برقم : ٦٩٨ ) : حسن صحيح ) .

(٢) ( نيل الأوطار ج : ٣ ص : ٢ ) .

الأسود ، كما صح ذلك في الحديث ، ولمنع المار من المرور بين يديه ، وغير ذلك من الأحكام المرتبطة بالسترة ، وقد ذهب إلى القول بوجوبها الشوكاني في : ( نيل الأوطار : ٣ : ٢ ) و ( السيل الجرار : ١ : ١٧٦ ) وهو الظاهر من كلام ابن حزم في : ( المحلى : ٤ : ص ٨ . ١٥ ) " [١] .

واته : ووتنى ئەوەى كە سوترە سوننەتە ، پێچەوانە و ناكۆكە لە گەڵ فەرمانكردن بە سوترە ، لە چەندەها فەرموودەدا ، دانەر یەكێكیانى باس كردوە ، لە هەندێك لە فەرموودەكانیشدا نەهى كراوە لە نوێژكردن بە بێ سوترە ، پێشەوا ( ابن خزیمة ) ش لە ( صحیح ) ـەكەیدا ناونیشانێكى واى بۆ داناوە ، ئەو و ( مسلم ) یش لە ( ابن عمر ) ـەوە بە ( مرفوع ) ـى لە پێغەمبەرى خوا ﷺ گێڕاویانەتەوە كە فەرموویەتى : نوێژ مەكە ئیللا ڕووەو بەربەست و سوترەیەك نەبێ ... وە ئەوەش كە زیاتر جەخت بكات لە سەر پێویست ( واجب ) بوونى ، هۆكارێكى شەرعیە بۆ بەتاڵ نەبوونەوەى نوێژ ، ئەگەر ئافرەتى بالغبوو ، و گوێدرێژ ، و سەگى ڕەش بە پێشیدا بڕوات ، هەروەكو لە فەرموودەدا جێگر ، و سەلمێنراوە ، وە بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونى كەسێك بە بەردەستیدا ، و جگە لەو حوكمانەى كە پەیوەستن بە سوترەوە ، وە پێشەوا ( الشوكاني ) بۆچوونى وایە كە سوترە واجبە ، ئەوەش لە ( نیل الأوطار ) ، و ( السیل الجرار ) ـدا ، ڕواڵەتى ووتەى ( ابن حزم ) یش هەر ئەوە دەگەیەنێت ، هەر وەكو لە ( المحلى ) ـدا هاتووە .

---

[١] ( تمام المنة : ص ٣٠١ ) .

وه پرسیار كرا له شێخی پایه به‌رزی ئیسلام شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ سه‌باره‌ت به حوكمی سوتره كه ئه‌مه پرسیاره‌كه‌یه ، له گه‌ڵ وه‌ڵامه‌كه‌یدا :

**پرسیار :** حوكمی سوتره دانان چیه له نوێژدا ، له گه‌ڵ به‌ڵگه بۆ ئه‌و كاره ، ... ؟

**وه‌ڵام :** سه‌باره‌ت به حوكمی سوتره ، ووته‌ی هه‌ڵبژارده و ڕاست ئه‌وه‌یه كه بووترێت واجبه ، له به‌ر ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ كه فه‌رموویه‌تی " إذا صلّى أحدكم ، فليصلّ إلى سترة ، وليدن منها ... " ، واته : ئه‌گه‌ر یه‌كێك له ئێوه نوێژی كرد ، با نوێژكردنه‌كه‌ی ڕووه و سوتره‌یه‌ك بێت ، ولێشی نزيك بێته‌وه [(١)].

وه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی " لا تصل إلا إلى سترة ، ولا تدع أحدا يمر بين يديك ، ... " [(١)] ، واته : نوێژ مه‌كه ئیللا ڕووه‌و به‌ربه‌ستێك نه‌بێ ، ڕێگه‌ش به‌كه‌س مه‌ده به به‌رده‌ستدا تێپه‌ڕێت .

پێشه‌وا ( الشوكاني ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ سه‌باره‌ت به‌و فه‌رموودانه‌ی كه سه‌باره‌ت به سوتره هاتوون فه‌رموویه‌تی :" **فائدة** : إعلم أن ظاهر أحاديث الباب ، عدم الفرق بين الصحاري والعمران ، وهو الذي ثبت عنه ﷺ من اتخاذه السترة ،

---

(١) ( تحفة المجيب على أسئلة الحاضر و الغريب : أسئلة إخوة من أمريكا ، السؤال١٢١ ) .

(1) ( قال الألباني : رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ١ / ٩٣ / ١ ) بسند جيد ) .

سواء كان في الفضاء أو في غيره "[٢] ، واتە : **سـوودێك :** بزانـە کـە ڕواڵـەتی ئـەو فەرموودانەی کە لێرەدا سەبارەت بە سوترە هێناومانەتەوە ، هیچ جیاوازیەك ناکـەن لە نێوان دانانی سوترە لە چۆڵەوانی بێت ، یان لە ئاوەدانی ، هەر ئەوەشـە جـێگیر و سەلمێنراوە لێیەوە ﷺ لە دانانی سوترە لە چۆڵەوانی بێت ، یان لە شوێنی تر .

وە شێخی ( الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەسانەی کـە فەرموودەکەی ( ابن عباس ) کـە تێیـدا فەرموویـەتی : " أن النبي ﷺ : صلى في فضاء ، وليس بين يديه شيءٌ " دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی کە دانانی سـوترە سـوننەتە نەك واجب ، فەرموویەتی : " أن حديث ابن عباس ـ الذي استدل به ـ لا يصح من قبل إسناده ، فيه الحجاج بن أرطاة ، وهو ضعيف مدلس وقد عنعنه .

وهو مخرج عندي في ( الأحاديث الضعيفة ، برقم : ٥٨١٤ ) مع أحاديث أخرى بمعناه "[١] ، واتە : فەرموودەکەی ( ابن عباس ) ـ کە کراوەتە بەڵگە ـ ( صحيح ) نیە لە لایەن سەنەدەکەیەوە ، چـونکە ( الحجاج بن أرطاة ) تێدایـە ، و ئـەویش : ( ضعيف ) و ( مدلس ) ــەو ( عنعن ) ــەشی کردووە .

---

[2] ( نيل الأوطار ج : ٣ ص : ٦ ) .

[١] ( تمام المنة : ص ٣٠٥ ) .

## سوتره به چی دەبێت ؟

## و دیاریكردنی بەرزیەكەی له سوننەتدا

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل ، فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك " [1] ، واته : ئەگەر هەریەك له ئێوه وەكو ئەو دارەی لەبەردەستدا بێ كه لەدواوەوەی زینی ولآخدا هەیه ، ئەوا با نوێژەكەی بكات و هیچ باكێكی نەبێ بەو كەسانەی كه بەودیوی بەربەستەكەدا دەڕۆن .

پێشەوا ( النووي ) سەبارەت به واژەكردنی ووشەی ( مؤخرة ) لەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی :

(( **المؤخرة** : ... وهي العود الذي في آخر الرحل )) [2] ، واته : ( المؤخرة ) : ئەو دارەیه كه له پشكەی زینی ولآخدا هەیه .

وه سەبارەت بەم فەرموودەیه فەرموویەتی : (( وفي هذا الحديث ... **وبيان أن أقل السترة : مؤخرة الرحل ، وهي قدر عظم الذراع ، هو نحو ثلثي ذراع ، ويحصل بأي شيء أقامه بين يديه هكذا** )) [3] ، واته : لەم فەرموودەیەدا ...

---

[1] ( رواه مسلم في : صحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٥٨ ، ٤٧ باب سترة المصلى ، برقم : ٤٩٩ ، وأبو داود ) .
[2] ( شرح النووي على صحيح مسلم ج : ٤ ص : ٢١٦ ) .
[3] ( شرح النووي على صحيح مسلم ج : ٤ ص : ٢١٦ ) .

ئه‌وه‌مان بۆ ئاشكرا كراوه كه كه‌مترین به‌رزی بۆ سوتره : وه‌كو ئـه‌و داره‌یـه كـه لـه پشكه‌ی زینی ولآخدا هه‌یه ، كه ئه‌وه‌نده‌ی ئێسكی باڵێك ده‌بێت ، ئه‌ویش سـێ‌یه‌كی باڵێكی ته‌واوه ، سوتره‌ش به هه‌رشتێك له‌و شێوه‌یه بێت به جێ ده‌هێنرێت له پـێش ده‌ستی خۆیدا دایبنات .

كه‌واته : سوتره به هه‌موو شتێك ده‌بێت كه بستێك یان لـه بسـتێك زیـاتر لـه زه‌ویه‌وه به‌رز ببێته‌وه .

## چی له سوننه‌تدا هاتووه كه كرابێت به سوتره ؟

له‌و شتانه‌ی كه له سوننه‌تدا هاتوه كه پێغه‌مبه‌ری خـوا ﷺ ، یـان هـاوه‌ڵان و پێشین كردبێتیان به سوتره :

### یه‌كه‌م : كۆڵه‌كه‌كانی مزگه‌وت :

( یزید ) ـی كـوڕی ( أبو عبید ) ده‌گێڕێته‌وه ، و ده‌فـه‌رموێت ، لـه‌گه‌ڵ ( سلمة ) ـه‌ی كـوڕی ( الأكوع ) ـدا رضي الله عنه ده‌ڕۆشـتمه مزگه‌وتـه‌وه ، نوێـژی ڕووه و كۆڵه‌كه‌كـانی مزگه‌وت ده‌كـرد ، ده‌ڵێت : پێم ووت : ئـه‌ی ( أبو مسلم ) ده‌تبینـم هه‌وڵ ده‌ده‌یت ڕووه‌و كـۆڵه‌كه‌كانی مزگه‌وت نـوێژ ده‌كه‌یت ؟ ئـه‌ویش لـه وه‌ڵامـدا فـه‌رمووی : " إني رأيت النبي ﷺ يتحرى الصلاة عندها " [1] ، واته : پێغه‌مبـه‌ری خوام ﷺ ده‌بینی هه‌وڵی ئه‌وه‌ی ده‌دا ڕووه‌و ئه‌م كۆڵه‌كـه‌كانه نـوێژ بكات .

وه ( عمر ) ـی كوڕی ( خطاب ) رضي الله عنه ده‌یفـه‌رموو : " المصلون أحق بالسواري من المتحدثين إليها " [2] ، واتـه : نـوێژكـه‌ران ئـه‌ولاتـرن ( واتـه : لـه پـێش هه‌موانن ) بـه كـۆڵه‌كـه‌كـانی مزگه‌وت له‌و كـه‌سانه‌ی كه گفتوگۆیـان لـه پـاڵ ده‌كـه‌ن .

---

[1] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٩ ، ٦ باب الصلاة إلى الأسطوانة ، برقم : ٤٨٠ ) .

[2] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٩ ، ٦ باب الصلاة إلى الأسطوانة ) .

وە ( أنس ) ــی کــوڕی ( مالك ) دەیفــەرموو : " لقد رأيت كبار أصحاب النبي ﷺ يبتدرون السواري ... " [٣] ، واتە : هــاوەڵە گەورەکــانی پێغەمبـــەری خـــوام ﷺ دەبینی رضي الله عنهم ، هەوڵی ئــەوەیان دەدا ڕووەو کــۆڵەکەکانی مزگــەوت نوێژ بکەن .

## دووەم : خەنجەر ئەگەر بەزەویدا بچەقێنرێت :

ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لە دەشتێکدا ئەنجام بدایە ، و هــیچ شــتێك نەبوایە بیکات بە بەربەست ، خەنجەرێکی لە بەردەستدا بەزەویدا دەچەقاند ، پاشــان نوێژی ڕووەو ئەو خەنجەرە دەکرد ، و خەڵکەکەش بە دوایدا بوون ، هەروەکو ( ابن عمر ) بۆمان دەگێڕێتەوە : " أن رسول الله ﷺ كان إذا خرج يوم العيد أمر بالحربة فتوضع بين يديه فيصلي إليها والناس وراءه ... " [١] ، واتە : ئەگــەر پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەربچوایە بۆ نوێژی جەژن ، لە ڕۆژی جەژندا ، فەرمانی دەکرد بەوەی کە خەنجێرێکی لە بەر دەسدا بۆ بچــەقێنرێت بــە زەویدا ، پــاشان نوێژی ڕووەو ئەو خەنجەرە دەکــرد ، و خەڵکەکەش بە دوایــدا بــوون .

---

[٣] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٩ ، ٦ باب الصلاة إلى الأسطوانة ، برقم : ٤٨١ ) .

[١] ( رواه البخاري في : صحيحه / ج : ١ ص : ١٨٨ ، باب الصلاة إلى الحربة ، برقم : ٤٧٦ ، ومسلم في : صحيحه / ج : ١ ص : ٣٥٨ ، باب سترة المصلي ، برقم : ٥٠١ ) .

**سێیەم : جاری واش هەبوو وڵاخەکەی دەکرد بە سوترە :**

( ابن عمر ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار " يعرض راحلته فيصلي إليها " [٢] .

واتاکەشی ئەوەیە کە پێشەوا ( النووي ) فەرموویەتی : " قوله : ( كان يعرض راحلته ويصلى إليها ) ... ، ومعناه : يجعلها معترضة بينه وبين القبلة " [١] ، واتە: وڵاخەکەی دادەنا لە نێوان خۆی و قیبلەدا ، و ڕووی لێدەکرد لە نوێژەکەیدا.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك لە بیری خوێنەردا دروست ببێت ، ئەویش ئەوەیە : ئایا چۆن ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ئەو فەرموودەدا پێك دێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا نەهی کردووە لە نوێژکردن لە پەچەی ووشتردا ( أعطان الإبل ) ؟! ئەوەش لەو فەرموودەیدا کە تێیدا فەرموویەتی : " ... ، و لا تصلوا في أعطان الإبل " [٢] .

لە وەڵامدا دەووترێت ـ هەروەکو شێخ ( محمد ناصرالدين الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : " ئەمە نوێژ لە پەچەی ووشتردا ( أعطان

---

[٢] ( رواه البخاري في : صحيحه / ج : ١ ص : ١٩٠ ، باب الصلاة إلى الراحلة والبعير والشجر والرحل ، برقم : ٤٨٥ ) .

[١] ( شرح النووي على صحيح مسلم / ج : ٤ ص : ٢١٨ ) ( صحيح مسلم / ج : ١ ص : ٣٥٨ ، باب سترة المصلى ، برقم : ٥٠٢ ) .

[٢] ( صححه الألباني في سنن ابن ماجه / ١ : ٢٥٢ ، برقم : ٧٦٨ ) ، واتە : لە پەچەی ووشتردا نوێژ مەکەن .

الإبل ) ناگرێته‌وه ، چونكه پێچه‌وانه‌یه‌تی و ،و" پێغه‌مبه‌ری خواش ﷺ نـه‌هی لیٚ كردوه " [٣] .

وه پێشه‌وا ( النووي ) ـ به ڕه‌حمـه‌ت بێـت ـ فه‌رموویـه‌تی : " فيه دليل على جواز الصلاة الى الحيوان ، وجواز الصلاة بقرب البعير ، بخلاف الصلاة في عطان الابل " [٤] ، واته : ئه‌م فه‌رمووده‌یه به‌ڵگه‌یه له سه‌ر ئه‌وه‌ی كه ڕه‌وایـه ڕووه‌و ئـاژه‌ڵ نوێژ بكرێت ، له گه‌ڵ ڕه‌وایی نوێژكردن له نزيك ووشتر ، به پێچه‌وانه‌ی نوێژكردن له په‌چه‌ی ووشتردا .

وه پێشه‌وا ( ابن حجر ) یش ـ بـه ڕه‌حمـه‌ت بێـت ـ لـه پێشـه‌وا ( القرطبي ) ده‌گێڕێته‌وه و ده‌فه‌رموێت : (( پێشه‌وا ( القرطبي ) فه‌رموویه‌تی : ئـه‌م فه‌رمووده‌یـه به‌ڵگه‌یه له سه‌ر ئه‌وه‌ی كه ڕه‌وایه ئاژه‌ڵێك له جێگه‌ی خۆیدا جێگیربووبێـت بكرێـت به سوتره ، ئه‌وه‌ش پێچه‌وانه‌ی نیه كه نه‌هی ده‌كات له نوێژكردن له په‌چه‌ی ووشـتردا ، چونكه په‌چه‌كه‌ی شوێنی مانه‌وه‌یه‌تی ، له گه‌ڵ شوێنی بوونی ئاوی خواردنه‌وه‌كه‌ی : له‌و كاته‌شدا مه‌كروهیه‌تی نوێژكرن له په‌چه‌كه‌یدا : یان له بـه‌ر تونـدی گـه‌نیوی

---

[٣] ( چۆنێتی نوێژی پێغه‌مبه‌ر ﷺ : لاپه‌ڕه : ٢٢ ) .
[٤] ( شرح النووي على صحيح مسلم ج : ٤ ص : ٢١٨ ) .

بۆنه‌كه‌یه‌تی ، یان له به‌ر ئه‌وه‌ی له نێوانیاندا ده‌چوونه سه‌رئاو ـ ده‌ستیان به‌ئاو ده‌گه‌یاند ـ بۆ ئه‌وه‌ی به‌و ئاژه‌ڵانه خۆیان بپارێزن له چاوی خه‌ڵك )) [١] .

**چوارەم : هەندێك جاریش داری زین و پشكەی ووشترەكەی دەكرد بەسوترە :**

وه هه‌ندێك جاریش پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هه‌روه‌كو ( ابن عمر ) بۆمان ده‌گێڕێته‌وه " ... كان يأخذ هذا الرحل ، فيعدله ، فيصلي إلى آخرته ، أو قال مؤخره ، وكان بن عمر رضي الله عنه يفعله " [٢] ، واته : زین و پشكه‌ی وڵاخه‌كه‌ی ده‌هێنا ، و ڕێكی ده‌خست ، و ڕووی له‌و داره ده‌كرد كه له زین و پشكه‌ی وڵاخه‌كه‌یدا هه‌بوو ، خودی ( ابن عمر ) یش ئه‌م كاره‌ی ئه‌نجامده‌دا .

وه ده‌یفه‌رموو : " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل ؛ فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك " [١] ، واته : ئه‌گه‌ر هه‌ریه‌ك له ئێوه وه‌كو ئه‌و داره‌ی له‌به‌رده‌ستدا

---

[١] ( فتح الباري ج : ١ ص : ٥٨٠ ) .

ئه‌وه‌ی له فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ جێگیر و سه‌لمێنراییێت ، سه‌باره‌ت به هۆكاری نه‌هی كردن له نوێژكردن له په‌چه‌ی ووشتردا ئه‌وه‌یه كه له‌م فه‌رمووده‌دا هاتبێت ، پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی : " ... ، ولا تصلوا في أعطان الإبل فإنها خلقت من الشياطين " ( جزء من حديث صححه العلامة الألباني في : سنن ابن ماجه ١ / ٢٥٣ ، برقم : ٧٦٩ ، و في صحيح الجامع : برقم ١٤٣٩ ، و ٣٧٨٨ ) ، واته : وه نوێژ مه‌كه‌ن له په‌چه‌ی ووشتردا ، چونكه له شه‌یتانه‌كانه‌وه دروست كراون .

[٢] ( جزء من حديث رواه البخاري في : صحيح البخاري / ج : ١ ص : ١٩٠ ، برقم : ٤٨٥ ، والبيهقي في : سنن البيهقي الكبرى / ج : ٢ ص : ٢٦٩ ، برقم : ٣٢٧١ ) .

[١] ( رواه مسلم في : صحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٥٨ ، ٤٧ باب سترة المصلى ، برقم : ٤٩٩ ، وأبو داود في سننه ) .

بێ کە لەدواوەوەی زینی ولآخدا هەیە ، ئەوا با نوێژەکەی بکات و هیچ باکێکی نەبێ بەو کەسانەی کە بەودیوی بەربەستەکەدا دەڕۆن .

## پێنجەم : هەندێك جاریش ڕووە و دارێك نوێژی دەکرد :

لە ( علي ) ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : " لقد رأيتنا ليلة بدر وما منا إنسان إلا نائم إلا رسول الله ﷺ فإنه كان يصلي إلى شجرة ويدعو حتى أصبح " [٢] ، واتە : لە شەوی بەدردا کەسێکمانت نەدەبینی بە خەوتووی نەبێت ، جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبێت ، ڕووەو دارێك نوێژی دەکرد ، و دەپاڕایەوە تاکو ڕۆژی کردەوە .

## شەشەم : جاری واش هەبوو ڕووەو جێگە خەوتنەکەی نوێژی دەکرد :

وە جاری واش هەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووەو جێگە خەوتنەکەی نوێژی دەکرد ، و ( عائشة ) ش بەسەریەوە و لە ژێر لێفەکەیدا ڕاکشابوو ، هەروەکو خودی دایکە ( عائشة ) ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ بۆمانی دەگێڕێتەوە ، و دەفەرموێت : " كان النبي ﷺ يصلي ، وأنا راقدة معترضة على فراشه ، فإذا أراد

[٢] ( رواه أحمد في : مسنده / ج : ١ ص : ١٣٨ ، برقم : ١١٦١ ) ( و النسائي في : السنن الكبرى / ج : ١ ص : ٢٧٠ ، برقم : ٨٢٣ ، والطبري في تاريخه / ج : ٢ ص : ٢٣ ، وقال العلامة الألباني في ( صفة صلاة النبي ﷺ : ص ٨٣ ) : رواه أحمد والنسائي بسند صحيح ) .

أن يوتر أيقظني ، فأوترت " [١] ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد ، منیش لە نێوان ئەو و قیبلەدا بووم ، لە سەر جێگە خەوتنەکەی ، جا ئەگەر بیویستایە نوێژی ویتر ئەنجام بدات منیشی بە خەبەر دەهێنا ، منیش نوێژی ویترم دەکرد .

## حەوتەم : جاری واش هەبوو دارێکی بە زەویدا دەچەقاند :

( أبو جحيفة ) فەرموویەتی : " خرج رسول الله ﷺ بالهاجرة إلى البطحاء فتوضأ فصلى الظهر ركعتين والعصر ركعتين وبين يديه عنزة " [٢] ، واتە : ڕۆژێکیان لە گەرمەی نیوەڕۆدا بوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان ، لە سەیلاوی مەککەدا ، و ئاوی دەست نوێژیان بۆ هێنا ، و ئەویش دەست نوێژی شوشت ، و نوێژی نیوەڕۆی بە دوو ڕکات ، و نوێژی عەسریش بە دوو ڕکات پێکردین ، لە پێش دەستیدا دارێك چەقێنرابوو بە زەویدا ، بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە .

وە ( أنس ) ی کوڕی ( مالك ) دەفەرمووێت : " كان النبي ﷺ إذا خرج لحاجته ، تبعته أنا وغلام ومعنا عكازة أو عصا أو عنزة ومعنا إداوة فإذا فرغ من حاجته ناولناه الإداوة " [٣] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دەربچوایە بۆ سەر ئاو ،

---

[١] ( رواه البخاري في : الصحيحة / ج : ١ ص : ١٩٢ ، باب الصلاة خلف النائم ، برقم : ٤٩٠ ، و : باب التطوع خلف المرأة ، برقم ٤٩١ ) .

[٢] ( رواه البخاري في صحيحه : ج ١ ، ص ١٨٨ ، باب الصلاة إلى العنزة ، برقم ٤٧٧ ، وباب السترة بمكة وغيرها ، برقم ٤٧٩ ، ومسلم في صحيحه : ج ١ ، ص ٣٦١ ، برقم ٥٠٣ ) .

[٣] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٨ ، ٤ باب الصلاة إلى العنزة ، برقم : ٤٧٨ ) .

ئەوا من و لاوێکی تر شوێنی دەکەوتین ، و لە گەڵ خۆماندا دارێکمان پێ بوو لە گەڵ دۆڵکە ئاوێك ، جا ئەگەر سەر ئاوەکەی تەواو بکردایە ، دۆڵکە ئاوەکەمان پێ ی دەدا .

## دووری نێوان نوێژگەر و سوترەکەی

پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژەکەیدا : " كان ﷺ يقف قريبا من السترة ، فكان بينه وبين الجدار : ثلاثة أذرع " [١] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نزیك لە بەربەستەکەی ڕادەوەستا ، و دووری نێوان ئەو و ئەو دیوارەی کە کردبووی بە بەربەست سێ باڵ دەبوو .

هەروەها دەیفەرموو : " إذا صلى أحدكم إلى سترة ؛ فليدن منها ، لا يقطعن الشيطان عليه صلاته " [٢] ، واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕووەو بەربەستێك نوێژی کرد ، با لێی نزیك بێتەوە ، نەوەك شەیتان نوێژەکەی پێ ببڕێت .

کەواتە نوێژگەر دەبێت نزیك لە سوترەکەی بوەستێت ، بە بڕی سێ باڵ ، بۆ ئەوەی کەس بە پێشیدا تێپەڕ نەبێت .

---

[١] ( رواه البخاري وأحمد ) .

[٢] ( قال العلامة الألباني : رواه أبو داود والبزار ( ص ٥٤ . زوائده ) والحاكم وصححه ووافقه الذهبي والنووي ) .

# دووری نێوان سوترە

# و شوێنی سوژدەی نوێژگەر

پاش ئەوەی کە دووری نێوان نوێژگەر و سوترەکەی لە بڕگەی پێشوودا باسکرا ، بابزانین دووری نێوان شوێنی سوژدەی نوێژگەر و سوترەکەی چەندە؟

( سهل ) ـی کوڕی ( سعد الساعدي ) ﷛ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : " كان بين مصلى رسول الله ﷺ وبين الجدار ممر الشاة " [1] ، واتە : لە نێوان شوێنی سوژدەکەی و ئەو دیوارەی کە کردبووی بە بەربەست و سوترە ڕێڕەوی شەکێك بوو .

[1] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٨، ٢ باب قدر كم ينبغي أن تكون بين المصلي والسترة ، برقم : ٤٧٤ ) ، وە لە ( صحيح مسلم ) ـدا هاتووە کە : " بين موضع سجوده والجدار ممر شاة " ( صحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٦٤ ، ٤٩ باب دنو المصلي من السترة ، برقم : ٥٠٨ ) .

## تاوانی تێپەڕ بوون بە نێوان سوترە و نوێژگەردا

پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " لو يعلم المار بين يدي المصلي ، ماذا عليه ، لكان أن يقف أربعين ، خيرا له من أن يمر بين يديه " [1] ، واتە : ئەگـەر ئـەو کەسەی کە بەبەردەست نوێژگەردا تێپەڕ دەبێت بزانێت چەند تاوانی لە سەرە ، ئـەوا ئەگەر چل بووەستایە زۆر باشتر بوو بۆی لەوەی کە بەبەر دەستی دا بڕوات .

( أبو النضر ) دوای گێڕانـەوەی ئـەم فەرموودەیـە فـەرمووی : (( لا أدري أقال أربعين يوما أو شهرا أو سنة )) [2] ، واتە : نازانم ووتی چل ڕۆژ ، یـان چـل مـانگ ، یان چل ساڵ .

پێشەوا ( النووي ) لە باسی سوترەدا فەرمویەتی : (( ويحرم المرور بينه وبينها )) [3] ، واتە : ڕۆشتن حەرامە بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا .

پرسیار کرا لە ( دەسـتەی هەمیشـەیی بـۆ توێژینـەوە زانسـتیەکان و فـەتوا ) سەبارەت بەوەی کە : ئایا ڕۆشتن بە پێش دەستی نوێژگەردا لە مزگـەوت دروسـتە ، یان نە ؟ ئەوانیش ـ بەم پێیەی خوارەوە ـ لە وەڵامدا فەرموویان :

---

[1] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٩١، ١١ باب إثم الإشارة بين يدي المصلي ، برقم : ٤٨٨ ، وصحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٦٣ ، ٤٨ باب منع الإشارة بين يدي المصلي ، برقم : ٥٠٧ ، وهذه الرواية لابن خزيمة ( ١ / ٩٤ / ١ ) ) .

[2] ( وصحيح مسلم ج ١ ص ٣٦٣ ، ٤٨ باب منع الإشارة بين يدي المصلي ، برقم ٥٠٧ ) .

[3] ( شرح النووي على صحيح مسلم ج : ٤ ص : ٢١٧ ) .

**وەڵام :** ڕۆشتن بە پێش دەستی نوێژگەردا دروست نیە ، جیاوازیش نیە لە وەی کە سوترەی دانابێت ، یان داینەنابێت ، لە بەر گشتیێتی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی : " لو يعلم المار بين يدي المصلي ماذا عليه ، لكان أن يقف أربعين ، خيرا له من أن يمر بين يديه " ، ... سەرکەوتن وسەرفرازیش هەر بەدەستی خوای پەروەردگارە [1] .

وە پرسیار کرا لە شێخ ( فوزان ) ـ خوای پەروەردگار بیپارێزێت ـ سەبارەت بە سزای ئەو کەسەی کە بە پێش نوێژی نوێژگەرێکدا تێپەر دەبێت ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :

**پرسیار :** سزای ئەو کەسە چیە کە بە پێش نوێژگەرێکدا تێپەڕ دەبێت ، ئەگەر بە عەنقەست بێت ، یان نە ؟

**وەڵام :** تێپەڕبوون بە پێش نوێژگەردا حەرامە و بە توندی قەدەغە کراوە ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : " لو يعلم المار بين يدي المصلي ماذا عليه لكان أن يقف أربعين خيرا له من أن يمر بين يديه " ، یان بەو شێوەیەی کە فەرموویەتی ، خوای پەروەردگاریش زاناترە [2] .

---

[1] ( موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين / س ٦ ، للجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : عضو عبدالله بن قعود ، عضو عبدالله بن غديان ، نائب الرئيس عبدالرزاق عفيفي ، الرئيس عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ) .

[2] ( المنتقى من فتاوى الشيخ الفوزان / س ٤١ ) .

## ئەگەر یەکێك ویستی بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا تێپەر ببێت نوێژگەر چی دەکات ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : " لا تصل إلا إلى سترة ، ولا تدع أحداً يَمُرُّ بين يديك ، فإن أبى فلتقاتله ؛ فإن معه القرين " [1] ، واتە : نوێژ مەکە ئیللا ڕووەو بەربەستێك نەبێ ، ڕێگەش بە کەس مەدە بە بەردەستدا تێپەڕێت ، ئەگەر هەر سووربوو لە سەر ڕۆشتن ئەوا لە گەڵیدا بجەنگێ ، چونکە شەیتانی لەگەڵدایە .

هەروەها دەیفەرموو : " إذا صلى أحدكم إلى سترة ؛ فليدن منها ، لا يقطعن الشيطان عليه صلاته " [2] ، واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕووەو بەربەستێك نوێژی کرد ، با لێی نزیك بێتەوە ، نەکو شەیتان نوێژەکەی پێ ببڕێت .

وە دەیفەرموو : " إذا صلى أحدكم إلى شيء يستره من الناس فأراد أحد أن يجتاز بين يديه فليدفع في نحره [ وليدرأ ما استطاع ] وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : [ فليمنعه مرتين ] لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووە : فإن أبى فليقاتله ؛ فإنما هو شيطان " [3] ، واتە : ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك دەکرد ڕێگربوو لە

---

[1] ( قال العلامة الألباني : رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ١ / ٩٣ / ١ ) بسند جيد ) .

[2] ( قال العلامة الألباني : رواه أبو داود و البزار ( ص ٥٤ . زوائده ) والحاكم وصححه ووافقه الذهبي والنووي )
.

[3] ( رواه البخاري في صحيح البخاري ج ١ ص ١٩١ ، ١٠ باب يرد المصلي من مر بين يديه ، ومسلم في صحيح مسلم ج ١ ص ٣٦٢ ، ٤٨ باب منع الإشارة بين يدي المصلي ، برقم ٥٠٥ ) .

هاتووچـۆی خەڵکی بەبـەردستیدا ، وە کـەسێك ویستی بـە بـەردەستیدا تێپەر ببێ ، بـا دەست بنات بەسنگیەوە ، [ وەتـا دەتوانێ دووری کاتەوە ] له ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : با ڕێی لێبگرێت دوو جـار ، ئەگـەر هـەر سـووربوو لـە سـەر ڕۆشتن بـا لـە گەڵیدا بجەنگێ ، چونکە ئەوە شەیتانە .

پێشەوا ( حافظ ابن حجر ) فەرموویەتی : (( ئەو ووتەیەی کە پێغەمبـەر ﷺ کـە فەرموویـەتی : " فإنما هو شیطان " واتـە : فعله فعل الشیطان ، لأنه أبى إلا التشویش على المصلي ، وإطلاق الشیطان على المارِّ من الأنس سائغ شائع ، وقد جاء في القرآن قوله تعالى : ﴿ شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ ﴾ ( سورة الأنعام : ١١٢ ) ، وقال ابن بطال : في هذا الحديث جواز إطلاق لفظ الشیطان على من یفتن في الدین ، وأن الحكم للمعاني دون الأسماء ، لاستحالة أن یصیر الإشارة شیطانا ، بمجرد مروره انتهى )) [١] .

( أبو صالح السمان ) دەفەرموێت : له کاتێکدا من له گەڵ ( أبو سعید ) ـدا بووم رضي الله عنه خەریکی نوێژکردن بوو له ڕۆژی هەینی ، ڕووەو شتێك کە دەیپاراسـت لـە ڕۆشتنی خەڵك بە پێشیدا ، لەو کاتەدا لاوێك لـە خێڵـی ( أبو معیط ) ویسـتی بـە پێش نوێژەکەیدا بڕوات ، بەڵام ( أبو سعید ) رضي الله عنه پاڵی نا بە سـینگیەوە ، لاوەکـەش شوێنی تری نەبوو جگە لەو ڕێگەیە نەبێت ، بۆیە جارێکی تـر گەڕایـەوە ، ئـەویش

[1] ( فتح الباري ج : ١ ص : ٥٨٤ ) .

جارێکی تر و توندتر پاڵی نا بە سینگیەوە ، لە جاری یەکەم توندتر بوو ، ئەویش بێ تاقەت بوو لە ( أبو سعيد ) ﷺ ، پاشان ڕۆشتە ناو قەڵەباڵخی خەڵکەکە ، و ڕۆشتە دەرەوە ، و چوە لای ( مروان ) و گلەیی ئەو ڕووداوەی کرد لە لای ، و لەو کاتەدا ( أبو سعيد ) یش ﷺ ڕۆشتە ژوورەوە بۆ لای ( مروان ) ، ( مروان ) پێی ووت : ئەوە چیت بوو لە گەڵ برازاکەتا ، هاتبوو گلەیی لێ دەکردیت ؟

( أبو سعيد ) یش ﷺ فەرمووی : بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی : " إذا صلى أحدكم إلى شيء يستره من الناس ، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه ، فليدفع في نحره ، فإن أبي فليقاتله ، فإنما هو شيطان " [١] ، واتە : ئەگەر هەریەك لە ئێوە نوێژی ڕووەو بەربەستێك دەکرد ڕێگربوو لە هاتووچۆی خەڵکی بەبەردستیدا ، وە کەسێك ویستی بە بەردەستیدا تێپەر ببێ ، با دەست بنات بەسنگیەوە ، تا دەتوانێ دووری کاتەوە ، ئەگەر هەر سوور بوو لە سەر ڕۆشتن با لە گەڵیدا بجەنگێ ، چونکە ئەوە شەیتانە .

کەواتە : لە کۆی هەموو ئەو فەرموودانەی سەروە کە باسکرا ئەوە ئاشکرا دەبێت ، پێویستە لە سەر نوێژگەر ، کە ڕووە و سوترەیەك نوێژی کرد پێویستە ڕێنەدات بە هیچ کەسێك بە پێشیدا تێپەڕ ببێت .

---

[١] ( رواه البخاري في : صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٩١، ١٠ باب يرد المصلي من مر بين يديه ، برقم : ٤٨٧ ، و مسلم في : صحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٦٢ ، ٤٨ باب منع الإشارة بين يدي المصلي ، برقم : ٥٠٥ ) .

## ڕێگرتن له ڕۆشتنی منداڵ به نێوان سوتره و نوێژگه‌ردا

كه‌سێك پرسیار ده‌كات له ( ده‌سته‌ی هه‌میشه‌یی بۆ توێژینه‌وه زانستیه‌كان و فه‌توا ) سه‌باره‌ت به تێپه‌ڕبوونی منداڵ به پێشنوێژه‌كه‌یدا ، كه ئه‌مه ده‌قی پرسیاره‌كه‌یه‌تی :

**پرسیار :** چه‌ند كچه‌زایه‌كم هه‌یه ، هه‌موویان منداڵی بچووكن ، و ته‌مه‌نیان له پێنج ساڵ تێناپه‌ڕێت ، له كاتی نوێژدا به پێش نوێژه‌كه‌مدا تێپه‌ر ده‌بن ، نوێژه‌كه‌م پێ ده‌بڕن ، زۆر جار ئه‌وه ئه‌نجام ده‌ده‌ن ، نه‌شمتوانیوه بیانگه‌ڕێنمه‌وه ، له كاتێكدا له نوێژدا بووم ، ئایا هیچ تاوانێكم له سه‌ره ؟

**وه‌ڵام :** هه‌وڵی ئه‌وه بده ڕێیان لێ بگریت له‌وه‌ی كه به نێوان خۆت و سوتره‌كه‌تدا تێپه‌ڕ بن ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر نه‌توانیت ڕێیان لێ بگریت ، وتێپه‌ڕبوون ، ئه‌وا هیچت له سه‌ر نیه ، چونكه جگه له : ئافره‌تی باڵغبوو ، وگوێدرێژ ، وسه‌گ ، هیچ شتێك نوێژ نابڕێت ، ئه‌گه‌ر به‌نێوان نوێژگه‌ر وسوتره‌كه‌یدا ، یان نزیك له‌نوێژگه‌ردا بڕۆن ، له‌كاتێكدا سوتره‌ی دانه‌نابێت ، وله‌مه‌ودای سێ باڵ ، یان كه‌متردا بڕوات ، ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی كه‌پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ تێیدا فه‌رموویه‌تی : " إذا صلى أحدكم إلى شيء ، يستره من الناس ، فأراد أحد أن يجتاز بين يديه ، فليدفعه ، فإن أبى فليقاتله ؛ فإنه شيطان " ، سه‌ركه‌وتنیش ته‌نها به ده‌ستی په‌روه‌ردگاره

وصەلأت وسەلامیش لەسەر پێغەمبەری خوا ، وئەهل وبەیت ، ویار ویـاوەرانی بێـت .[1]

## تەنانەت ڕێگە نادرێت بە مەڕو بزنیش بـە نێوان سوترە و نـوێژگەردا تێپەڕ ببێت

پێغەمبەری خوا ﷺ وابوو کە : " لا یدع شیئا یمر بینه وبین السترة ، فقد کان یصلي ، إذ جاءت شاة تسعی بین یدیه ، فساعاها حتی ألزق بطنه بالحائط ، [ ومرت من ورائه ] "[2] ، واتە : ڕێی بە هیچ شتێك نەدەدا بەبەینی ئـەو و بەربەسـتەکەیدا تێپەڕ ببێ ، جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێـژی دەکـرد ، شـەکێك ویسـتی بـە بەردەستیدا تێپەر ببێ ، بەلأم پێغەمبەری خوا ﷺ دەست پێشخەربوو بە شـێوەیەك سکی بە دیوارەکەوە لکاند و ، [ وای لێکرد بەپشتیدا تێپەر ببێ ] .

وە جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ : لـە نوێـژیك لـە نویـژە فەرزەکانیـدا بـوو دەستی بردە پێشەوە و کێشایەوە ، پاشان کە لێ بووەوە ، ووتیان : ئـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ ! هیچ لە نوێژ گـۆڕا ؟ فـەرمووی : " لا ، إلا أن الشیطان أراد أن یمر بین

---

[1] ( موسوعة فتاوی اللجنة والإمامین / س ٤ ، برقم : ٩٢٢٦ ، للجنة الدائمة للبحوث العلمیة والإفتاء : عضو عبدالله بن قعود، عضو عبدالله بن غدیان، نائب الرئیس عبدالرزاق عفیفي، الرئیس عبدالعزیز بن عبدالله بن باز) .

[2] ( قـال العلامـة الألبـاني : رواه ابـن خزیمـة في " صـحیحه " ( ١ / ٩٥ / ١ ) ، والطـبراني ( ٣ / ١٤٠ / ٣ ) والحاکم وصححه ووافقه الذهبي ) .

يدي ، فخنقته حتى وجدت برد لسانه على يدي ، وأيم الله لولا ما سبقني إليه أخي سليمان ، لارتبط إلى سارية من سواري المسجد ؛ حتى يطيف به ولدان أهل المدينة ، [ فمن استطاع أن لا يحول بينه وبين القبلة أحد ، فليفعل ] "[1] ، واته : نه‌خیر ، ئه‌وه‌نه‌بێ شه‌یتان ویستی به‌ به‌رده‌ستمدا بڕوات ، منیش چنگم له‌ ناقیڕه‌ی نا تاوه‌كو ساردی زمانیم له‌ سه‌ر ده‌ستم هه‌ست پێكرد ، سوێندبێ به‌ خوا ئه‌گه‌ر پاڕانه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر ( سُلیمان ) ـی برام نه‌بوایه‌ كه‌ پێش من له‌ خوا پاڕایه‌وه‌ ، ده‌به‌سترایه‌وه‌ به‌ كۆڵه‌كه‌یه‌ك له‌ كۆڵه‌كه‌كانی مزگه‌وت ، تاوه‌كو منداڵه‌كانی مه‌دینه‌ به‌ده‌وریدا بسووڕایانه‌وه‌ ، [ بۆیه‌ هه‌ركه‌س له‌ ئێوه‌ توانی نه‌هێڵێت كه‌س به‌ به‌ینی ئه‌و و قیبله‌كه‌یدا بڕوات ، با ئه‌و كاره‌ ئه‌نجام بدات ] .

---

[1] ( قال العلامة الألباني : رواه أحمد والدارقطني والطبراني بسند صحيح ، وهذا الحديث قد ورد معناه في " الصحيحين " وغيرهما عن جمع من الصحابة رضي الله عنهم ) .

## چ کاتێك نوێژگەر ڕێگر نابێت لە ڕۆشتنی کەسێك بە پێشیدا ؟

نوێژگەر ڕێگر نابێت لە ڕۆشتنی کەسێك بە پێشیدا ، ئەگەر تێپەڕبوونەکە بەو دیوی سوترەکەیدا بوو : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مؤخرة الرحل ؛ فليصل ، ولا يبالي من مر وراء ذلك " [١] ، واتە : ئەگەر هەریەك لە ئێوە وەکو ئەو دارەی لەبەردەستدا بێ کە لەدواوەوەی زینی وڵاخدا هەیە ، ئەوا با نوێژەکەی بکات و هیچ باکێکی نەبێ بەو کەسانەی کە بەودیوی بەربەستەکەدا دەڕۆن .

وە ( عون ) ـی کوڕی ( أبو جحيفة ) دەگێڕێتەوە کە لە باوکیەوە بیستوویەتی دەفەرمووێت : ڕۆژێکیان لە گەرمەی نیوەڕۆدا بوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان ، و ئاوی دەست نوێژیان بۆ هێنا ، و ئەویش دەست نوێژی شوشت ، ونوێژی نیوەڕۆ وعەسری پێکردین ، لەپێش دەستیدا دارێك چەقێنرابوو بەزەویدا ، ئافرەت وگوێدرێژیش بەو دیوی سوترەکەیدا دەڕۆشتن [٢] .

لە کۆی ئەم فەرمودانەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەگەر کەسێك ویستی بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا بڕوات ، ئەوا پێویستە ڕێی لێ بگرێت تا دەتوانێت ، بەڵام ئەگەر بەو دیوی سوترەکەیدا ڕۆشت ، هیچی بەرامبەر ئەنجام نادات ، و

---

[١] ( رواه مسلم في : صحيح مسلم ج : ١ ص : ٣٥٨ ، ٤٧ باب سترة المصلى ، برقم : ٤٩٩ ، وأبو داود ) .

[٢] ( صحيح البخاري ج : ١ ص : ١٨٨ ، باب الصلاة إلى العنزة ، برقم : ٤٧٧ ) .

هیچیشی لەسەر نیە با لەو شتانەش بن ، کە ئەگەر بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا بڕۆن نوێژەکەی بەتاڵ دەکەنەوە .

## فەرموودەی کێشانی هێڵ بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە ( ضعيف ) ـە

ئایا دەکرێت نوێژگەر لە جیاتی سوترە هێڵێك لە بەردەستی بکێشێت بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە ، و ڕێگر بێت لە هاتوو چۆی خەڵك بە پێشیدا ؟

لە وەڵامدا دەوترێت : ئەو فەرموودەیەی کە ( أبو هريرة ) ﵁ دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە کێشانی هێڵ لە جیاتی سوترە : ( ضعيف ) ـە ، و دەقەکەشی بەم شێوەیەیەی خوارەوەیە :

عن أبي هريرة ﵁ قال : قال رسول الله ﷺ : " إذا صلى أحدكم ، فليجعل تلقاء وجهه شيئا ، فلينصب عصا ، فإن لم يكن معه عصا ، فليخط خطا ، ثم لا يضره ما مر بين يديه " ، واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی ئەنجام دا ، با لە پێش خۆی شتێك دابنات بە سوترە ، با پارچە دارێك بە زەویدا بچەقێنێت ، ئەگەر پارچە داری پێ نەبوو ، با هێڵێك بکێشێت ، ئەوەش کە بەو دیوی سوترەکەدا بڕوات ، هیچ زیانێك بە ئەو ناگەیەنێت .

فەرموودەناسان لە سەرچاوەکانی فەرموودەدا ، ئەم فەرموودەیە بەم شێوە دەگێڕنەوە : (( رواه أحمد في : مسنده / ج : ٢ ص : ٢٤٩ ، برقم : ٧٣٨٦ ، وابن ماجه في : سننه / ج : ١ ص : ٣٠٣ ، باب ما يستر المصلي ، برقم : ٩٤٣ ، و البيهقي في : السنن الكبرى / ج : ٢ ص : ٢٧٠ ، باب الخط إذا لم يجد عصا ، برقم : ٣٢٧٨ ، و رقم : ٣٢٧٩ ، و ابن حبان في : صحيحه / ج : ٦ ص : ١٢٥ ، ذكر وصف استتار المصلي في صلاته ، برقم : ٢٣٦١ ، و باب ذكر إجازة الاستتار للمصلي في الفضاء بالخط ثم عدم العصا والعنزة ، ص : ١٣٨ ، برقم : ٢٣٧٦ ، و ابن خزيمة في : صحيحه / ج : ٢ ص : ١٣ ، باب الاستتار بالخط إذا لم يجد المصلي ما ينصب بين يديه للاستتار به ، برقم : ٨١١ ، والطيالسي في : مسنده / ج : ١ ص : ٣٣٨ ، باب من سمع من أبي هريرة ولم يسم رضي الله عنهما ، برقم : ٢٥٩٢ . ))

.

لەو زانایانەی پێشینیش ( المتقدمين ) کە ئەم فەرموودەیەیان بە ( ضعيف ) زانیوە : ( سفيان ) ـی کوڕی ( عيينة ) ، و ( الشافعي ) ، و ( البغوي ) ، و ( الدارقطني ) ، و ( مالك ) ـە ـ بە ڕەحمەت بن ـ .

وە لە زانا دواییەکانیش ( واتە : المتأخرين ) کە ئەم فەرموودەیەیان بە ( ضعيف ) داناوە : ( ابن الصلاح ) ، و ( النووي ) ، و ( العراقي ) ، و ( الحافظ ) ـە ـ بە ڕەحمەت بن ـ ئەوەش لە بەر دوو هۆکار :

یەكەم : ( الاضطراب ) .

دووەم : ( الجهالة ) .

وە زانایانی فەرموودەناسیش لـەم سـەردەمە وەك : ( العلامة الشيخ محمد ناصر الدين الألباني ) و ( العلامة الشيخ مقبل بن الهادي الوادعي ) ـ بە ڕەحمەت بن ـ بە ( ضعيف ) ـیان زانیوە .

بۆ نموونە شێخی ( الألباني ) ـ بە ڕەحمـەت بێـت ـ لـە ( سنن ابن ماجه : ١ / ٣٠٣ ، بە ژمارەی : ٩٤٣ ) بە ( ضعيف ) ـی زانیوە ، شێخ ( مقبل ) یـش ـ بـە ڕەحمـەت بێـت ـ لـە ( تحفة المجيب على أسئلة الحاضر و الغريب : أسئلة إخوة من أمريكا ، پرسیاری : ١٢١ ) پرسیاری ئەو فەرموودەیـەی لێ دەكرێـت ، ئـەویش لـە وەڵامدا دەفەرمـوێت : " وأما حديث الخط فهو ضعيف ... " ، واتە : سـەبارەت بـە فەرموودەی هێڵەكە فەرموودەیەكی ( ضعيف ) ە .

وە شێخی ( الألباني ) ـ بە ڕەحمـەت بێت ـ لـــە ( تمام المنة في التعليق على فقه السنة ) هـەندێك بــە فــراوانی بــاسی لــە ( ضعيف ) ــی ئــەم فــەرموودەیە كـردووە [١] .

---

[١] ( بڕوانە : " تمام المنة " ـەی شێخ ( الألباني ) : ل ٣٠٠ ـ ل ٣٠٢ ) .

کەواتە : نابێت هێل بکرێت بە سوترە ، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودەیەی باسی کێشانی هێڵ دەکات فەرموودەیەکی ( ضعیف ) ـە ، و ( ضعیف ) یش نابێت بە بەڵگە بۆ هیچ گوفتار و کردارێك .

## چی ڕەوا نیە بکرێت بە سوترە ؟

ڕەوا نیە گۆڕ بکرێت بە سوترە لە کاتی نوێژکردندا ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نوێژکردن ڕووەو گۆڕ ، و دەیفەرموو : " لا تصلوا إلى القبور ، ولا تجلسوا عليها " [٢] ، واتە : ڕووەو گۆر نوێژمەکەن ، و لە سەریشیان دامەنیشن .

## چی نوێژ دەبڕێت ، و دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی ئەگەر بە نێوان بەربەست و نوێژگەردا بڕوات ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو شتانەی کە دەبنە هۆی بەتاڵکردنەوەی نوێژی نوێژگەر ، ئەگەر بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا بڕۆن ، دەیفەرموو : " يقطع صلاة الرجل ، إذا لم يكن بين يديه كآخرة الرحل : المرأة [ الحائض ] ، والحمار ،

---

[٢] ( مسلم ، وأبو داود ، وابن خزيمة ( ١ / ٩٥ / ٢ ) ، و بڕوانە کتێبی " تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد " و " أحكام الجنائز وبدعها " کە هەردوکیان لە نووسینی زانایانی فەرموودەناس ( العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الألباني ) ین ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

والكلب الأسود " [1] ، واتە : ئەوەی کە نوێژ بە نوێژگەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە ـ ئەگەر وەکو پاشکۆی زینی وڵاخ لە بەردەستیدا نەبێت ـ ئافرەتی بالغبوو ، و گوێدرێژ ، و سەگی ڕەش ، ( أبو ذر ) ﷺ فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چ جیاوازیەکیان هەیە ڕەش بێ یان سوور ؟ ئەویش فەرمووی : " الكلب الأسود : شيطان " ، واتە : چونکە سەگی ڕەش شەیتانە .

زانای فەرموودەناس ( الشيخ العلامة محمد ناصرالدين الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : مەبەست لێرەدا بە ووشەی ( القطع ) : پوچەڵکردنەوەیە ( بڕوانە : صفة صلاة النبي ﷺ ) .

پرسیار کرا لە شێخ ( محمد ) ـی کوڕی ( إبراهيم آل الشيخ ) ، کە : ئایا ڕۆشتن بە پێش نوێژگەردا نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (( نوێژ پووچەڵ و بەتاڵ دەبێتەوە بە تێپەڕبوونی : ئافرەت ، و گوێدرێژ ، و سەگی ڕەش ، ئەگەر نوێژگەر پێشنوێژ بێت ، یان تەنها ، لە نوێژی فەرز بێت ، یان لە نوێژی سوننەتدا ، و یەکێك لەو شتانە بە نێوان خۆی و سوترەکەیدا بڕوات ، ئەگەر سوترەی هەبێت ، یان بە بەردەستیدا و نزیك لێیەوە بڕوات ، لە مەودای سێ باڵ لە پێکانیەوە ، ئەگەر سوترەی

---

[1] ( مسلم في : صحيحه ج :١ ص : ٣٦٥ ، باب قدر ما يستر المصلي ، برقم : ٥١٠ ، و رقم : ٥١١ ، وأبو داود وابن خزيمة ( ١ / ٩٥ / ٢ ) .

نەبێت ... ڕووکەشی فەرموودەکە ، ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەست لە ووشەی ( القطع ) ئەوەیە کە نوێژەکە پوچەڵ و بەتاڵ دەکاتەوە )) [1] .

جگە لەم سێ شتەش نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ئەگەر تێپەڕ ببێت ، بەلاّم نابێت بەنێوان نوێژگەر وسوترەکەیدا تێپەڕ ببێت ، ئەگەر سوترەی هەبێت .

[1] ( موسوعة فتاوى و رسائل الشيخ محمد ابن إبراهيم آل الشيخ ) .

## ئافرەت ئەگەر خەوتبێت لە پێش نوێژی میردەکەی ، دەتوانێت بیکات بە سوترە

ڕەنگە هەندێك لە خوێنەران بڵێن : لە هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە ئافرەتی باڵغ بوو ئەگەر بە پێش نوێژگەردا بڕوات ، نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە ، لەو لاشەوە دایکە ( عائشة ) دەفەرموێت : لە بەر دەستیدا خەوتووە و پێغەمبەری خواش ﷺ ڕووی لێ دەکرد !! چۆن بتوانین لەم دوو فەرموودەیە تێبگەین ؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەووترێت : ڕاستە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەو شتانەی کە دەبنە هۆی بەتاڵکردنەوەی نوێژی نوێژگەر ، ئەگەر بە نێوان نوێژگەر و سوترەکەیدا بڕۆن ، دەیفەرموو : " يقطع صلاة الرجل ، إذا لم يكن بين يديه كآخرة الرحل : المرأة [ الحائض ] ، ... " [(١)] ، واتە : ئەوەی کە نویژ بە نوێژگەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە ـ ئەگەر وەکو پاشکۆی زینی وڵاخ لە بەر دەستیدا نەبێت ـ ئافرەتی باڵغبوو ، .... .

---

(١) ( مسلم في : صحيحه ج :١ ص : ٣٦٥ ، باب قدر ما يستر المصلي ، برقم :٥١٠ ، و برقم :٥١١ ، وأبو داود ، وابن خزيمة ( ١ / ٩٥ / ٢ ) .

وە جاری واش هەبوو ـ هەروەکو لـە ( البخاري ) ، و ( مسلم ) ـدا هـاتووە ـ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووەو جێگە خەوتنەکەی ( عائشة ) نوێژی دەکـرد ، و ( عائشة ) ـەش بەسەریەوە لە ژێر لێفەکەیدا ڕاکشابوو .

بەڵام ئەگەر بە ووردی بڕوانرێنە هەردوو فەرموودەکە ، دەبینرێت کـە دوو بـاری جیاوازن ، **یەکەمیان** : باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئافرەتی باڵغ بوو ، بە بەر دەستی نوێژگەردا بڕوات نوێژەکەی بەتاڵ دەکاتەوە ، کەچی **دووەمیان** : باس لەوە دەکات کە خودی ئافرەتەکە ـ لە باری خەوتنیدا ـ بکرێت بە سوترە ، ئاشکراشـە ئەمـە وەکـو ئەوە نیە کە بەر دەستیدا تێپەڕ ببێت ، بەڵکو هەریەکەیان حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە ، **یەکەمیان** : کە تێپەڕبوونە : نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ، کەچی **دووەمیـان** : کـە خەوتنە لە بەر دەستی نوێژگەردا : هیچ لـە حـوکمی نوێژەکـە ناگۆڕێـت ، چ جـای نوێژەکەی پێببڕێت ، و بەتاڵی بکاتەوە ! هەروەکو چۆن حەرام و قەدەغە کراوە پیاوان بە بەردەستی نوێژگەردا تێپەڕ بن ، کەچی دانیشـتن لـە پـێش نوێژگـەر بـۆ ئـەوەی بکرێن بە سوترە شتێکی ڕەوایە ، بەمەش وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشکرا دەبێت .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن القیم ) ـ بـە ڕەحمـەت بێـت ـ لـەم بارەیـەوە فەرموویەتی : " فإنه صح عنه أنه يقطع صلاته ؛ المرأة ، والحمار ، والكلب الأسود ، وثبت ذلك عنه من رواية : أبي ذر ، وأبي هريرة ، وابن عباس ، و عبدالله بن مغفل رضي الله عنهم ، ومعارض هذه الأحاديث قسمان :

صحيح غير صريح ، وصريح غير صحيح ، فلا يترك العمل بها لمعارض هذا شأنه ، وكان رسول الله ﷺ يصلي و عائشة ـ رضي الله عنها ـ نائمة في قبلته ، وكأن ذلك ليس كالمار ؛ فإن الرجل محرم عليه المرور بين يدي المصلي ، ولا يكره له أن يكون لابثا بين يديه ، وهكذا المرأة ، يقطع مرورها الصلاة دون لبثها ، والله أعلم )) [١] ، واتە : ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگر و سەلمێنراوە کە نوێژ بە نوێژگەر دەبڕێت و بەتاڵی دەکاتەوە : ئافرەت ، و گوێدرێژ ، و سەگی ڕەشە ، ئەوەش لە ( أبي ذر ) ، و ( أبي هريرة ) ، و ( ابن عباس ) ، و ( عبدالله بن مغفل ) ـەوە رضي الله عنهم ، جێگیر و سەلمێنراوە ، ئەو فەرموودانەش کە پێچەوانەی ئەمانەن دوو کۆمەڵن :

کۆمەڵێکیان ( صحيح ) ـە ، بەڵام ڕاشکاو ( صريح ) نیە ، کۆمەڵەکەی تریان ڕاشکاوە بەڵام ( صحيح ) نیە ، بۆیە نابێت وازیان لێ بهێنین لەبەر بەرهەڵستکارێلێك کە بەم شێوە بن ، وە ئەو فەرموودەیەش کە تێیدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد ، ( عائشة ) ـەش لە قیبلەکەیدا خەوتبوو ، بێگومان ئەو کردارە وەکو تێپەڕبوو نیە ، چونکە پیاوان بۆیان ڕەوا نیە و حەرامە لە سەریان کە بە پێش نوێژگەردا بڕۆن ، کەچی نا پەسەند نیە بۆی لە بەر دەستی نوێژگەردا بمێنێتەوە ، هەروەها ئافرەتیش بەهەمان شێوەیە ، ئافرەتیش تێپەڕ بوونی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ، بە پێچەوانەی مانەوەی هیچ کاریگەریەکی نیە لە نوێژەکە ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

---

[١] ( زاد المعاد ، لشيخ الإسلام ابن القيم : ج : ١ ص : ٣٠٦-٣٠٧ ) .

## سوترەی پێشنوێژ سوترەیە بۆ شوێنکەوتوانی

( عبدالله ) ــی کـوڕی ( عباس ) رضي الله عنه بۆمـان دەگێڕێتـەوە و دەفـەرموویت : " أقبلت راكبا على حمار أتان ، وأنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام ، ورسول الله ﷺ يصلي بالناس [ وفي رواية لمسلم : في حجة الوداع ] بمنى جدار ، فمررت بين يدي بعض الصف ، فنزلت وأرسلت الأتان ترتع ، ودخلت في الصف ، فلم ينكر ذلك علي أحد " (١) ، واته : ڕۆژێکیان بە سـواری گوێدرێـژێکی مـێ هـاتم ، لـەو ڕۆژەدا تەمـەنم نزیکی باڵغ بوون بوو ، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بە خەڵك دەكرد ، لە کاتی حەجی ماڵ ئاوایی بوو لە مینـادا ، منـیش بـە پـێش دەسـتی هەنـدێك لـە ڕیزەکانی نوێژدا ڕۆشتم ، پاشان دابەزیم و گوێدرێژەکەم بەڕەڵاکرد بۆ ئەوەی تەپاوەتل ـ خۆی بگەوزێنێتەوە ـ بکات ، دوای ئەوە ڕۆشتمە ڕیزەیك لە ڕیزەکـانی نوێـژەوە ، و دوای تەواو بوونی نوێژ کەس هیچ سەرزنشتێکی نەکردم .

پێشەوا بوخاری کاتێك کە ئەم فەرموودەیە لە ( صحيح ) ــەکەیدا دەهێنێتـەوە دەڵێت : ( باب : سترة الإمام سترة من خلفه ) ، واته : بابـەتی ئـەوەی کـە سـوترەی پێشنوێژ سوترەیە بۆ ئەو کەسـانەی کـە بـە دوایـدا نوێـژ دەکـەن ، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت کە ئەم پێشەوا بەڕێزە بۆچوونی ئەوە بووە کە سوترەی پێشنوێژ سـوترەیە بۆ نوێژگەران بە دوایدا .

---

(١) ( رواه البخاري في صحيح البخاري / ج : ١ ص : ١٨٧ ، باب سترة الإمام سترة من خلفه ، برقم : ٤٧١ ، ومسلم في صحيح مسلم / ج : ١ ص : ٣٦١ ، برقم : ٥٠٤ ، و برقم : ٥٠٥ ) .

وە پێشەوا ( النووي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ سەبارەت بە فەرموودەکەی سەروە فەرموویەتی : (( وفي هذا الحديث ... وأن سترة الأمام سترة لمن خلفه )) [١] ، واتە : لەم فەرموودەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ... ، وە ئەوەش کە سوترەی پێشنوێژ سوترەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوایدا نوێژدەکەن .

وە لە پرسیار دووەمی ( دەستەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستیەکان و فەتوا ) ، بە ژمارەی : ( ٤٣٦٠ ) ـدا هاتووە کە : (( هل إذا كانت الصفوف خلف الإمام أيمشى بين الصفوف ، وهل يكون ذلك المشي قطعا للصلاة أم لا ؟ )) .

ئەوانیش لە وەڵامدا فەرموویان : (( تێپەڕبوون بە نێوان ڕیزەکانی نوێژدا ، نابێتە هۆی بڕینی نوێژ ، بەڵام پێویستە لە کاتی زەروورەت نەبێت وازی لێ بهێنرێت ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە ( ابن عباس ) دەیگێڕێتەوە ، و تیایدا دەفەرموێت : " أقبلت راكباً على أتان و أنا يومئذ قد ناهزت الاحتلام ، و رسول الله ﷺ يصلي بالناس بمنى ، فمررت بين يدي بعض الصف فنزلت فأرسلت الأتان ترتع ، ودخلت في

---

[١] ( شرح النووي على صحيح مسلم / ج : ٤ ص : ٢٢٢ ) .

الصف فلم ينكر ذلك أحد " وە لە بەر ئەوەی کـە ئـەو کـارە سـەقاڵی نوێژگـەران دەکات ، وبالله التوفيق وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم " [٢] .

## ئەگەر پێشنوێژ سەلامیدایەوە لە نوێژەکەی :

## ئایا ئەو کەسە چی دەکات کە نەگەشتۆتە برێك لە نوێژەکەی ، و سوترەشی نەماوە ؟

ئاشکرایە دوای سەلام دانەوەی پێشنوێژ ، ئەو کەسەی کە نەگەشتۆتە برێك لـە نوێژەکەی لە گەڵ پێشنوێژدا ، ئەوا لـە حـوکمی مـەئمومی دەبڕێـت ، واتـە وەکـو کەسێك حیسابی بۆ دەکرێت کە نوێژ بە تەنها بکات ، ئا لەو کاتـەدا هـەوڵی ئـەوە دەدات سوترەیەك بۆ خۆی دیاری بکات ، بە ڕۆشتنە پێش بێت ، یان پـاش ، وە یـان بە ڕۆشتنە ئەم لاو ئەولا بێت .

پێشەوا ( مالك ) فەرموویەتی : " ولا بأس أن ينحاز الذي يقضي الصلاة ، بعد سلام الإمام إلى ما قَرُبَ منه ، من الأساطين بين يديه ، وعن يمينه وعن يساره ، وإلى خلفه ، يقهقر قليلا ، يستتر بها إذا كان ذلك قريبا ، وإن بَعُدَ أقام ، ودرأ المارَّ جهده

---

[٢] ( موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين / س ٢ ، برقم : ٤٣٦٠ ، للجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : عضو عبدالله بن قعود ، عضو عبدالله بن غديان ، نائب الرئيس عبدالرزاق عفيفي ، الرئيس عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ) .

" [1] ، واتە : هیچی تێدا نیە ئەو کەسەی کە هەندێك لە نوێژەکەی ماوەتەوە دوای سەلامدانەوەی پێشنوێژ خۆی نزیك کاتەوە لەو شتەی کە نزیکێتی ، وەك کۆڵەکەکانی مزگەوت ، یان لە لای ڕاست و چەپ یەتی ، یان هەندێك بڕواتە دواوە ، و بیانکات بە سوترە ئەگەر نزیك بوون لێیەوە ، بەلاّم ئەگەر دور بوو ، ئەوا لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە ، و بە پێی توانای ڕێگر دەبێت لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە پێشیدا تێپەڕ بن .

وە پێشەوا ( ابن الرشد ) یش فەرموویەتی : (( إذا قام لقضاء ما فاته من صلاته : فإن كانت بقربه سارية ، سار إليها ، وكانت سترة له في بقيّة صلاته ، وإن لم تكن بقربه سارية ، صلى كما هو ، ودرأ من يمر بين يديه ما استطاع ، ومن مرَّ بين يديه فهو آثم ... وبالله التوفيق )) [1] ، واتە : ئەگەر ئەو کەسەی کە نەگەشتۆتە بڕێك لە نوێژەکەی لە گەڵ پێشنوێژدا هەستایەوە بۆ تەواوکردنی ئەوەی کەماتەوە ، و پێی نەگەشتووە لە نوێژەکەی ، ئەگەر کۆڵەکەیەك لە نزیکیەوە بوو ، ئەوا دەڕواتە لای کۆڵەکەکەوە و دەیکات بە سوترە لەو بەشەی کە ماوە لە نوێژەکەی ، بەلاّم ئەگەر کۆڵەکەکە لە نزیکی نەبوو ، ئەوا هەروەکو خۆی لەو جێگەیەی نوێژەکەی دەکات ،

---

[1] ( شرح الزرقاني على مختصر خليل / ١ : ٢٠٨ ، نقلا عن ( القول المبين في أخطاء المصلين ، لمشهور : ص ٨٧ ) .

[1] ( فتاوى ابن الرشد : ٢ / ٩٠٤ ، نقلا عن ( القول المبين في أخطاء المصلين : ص ٨٧ ) .

و تا دەتوانێت ڕێگر دەبێت لەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە پێشیدا تێپەڕ بن ، وە کەسێکیش کە بە پێشیدا تێپەڕ ببێت تاوانبار دەبێت .

## پاشکۆی فەرموودە ( چعیف ) ـەکان

## کە سەبارەت بە سوترە هاتوون

١ ـ عن بن عباس ـ رضي الله عنهما ـ قال : قال رسول الله ﷺ : " إذا صلى أحدكم إلى غير سترة ، فإنه يقطع صلاته ، الكلب ، والحمار ، والخنزير ، واليهودي ، والمجوسي ، و المرأة ، ويجزئ عنه إذا مروا بين يديه على قذفة بحجر " [١] .

٢ ـ عن الفضل بن عباس ـ رضى الله عنه ـ قال : " أتانا رسول الله ﷺ ، ونحن في بادية لنا ، ومعه عباس ، فصلى في صحراء ، ليس بين يديه سترة ، و حمارة لنا و كلبة تعبثان بين يديه ، فما بالى ذلك " [٢] .

٣ ـ عن كثير بن كثير بن المطلب بن أبي وداعة عن بعض أهلي عن جده أنه رأى النبي ﷺ مما يلي باب بني سهم والناس يمرون بين يديه وليس بينهما سترة . قال سفيان : ليس بينه وبين الكعبة سترة . [٣] .

---

[١] ( ضعفه العلامة الألباني في : سنن أبي داود : ١ / ١٨٧ ، برقم : ٧٠٤ ) .

[٢] ( ضعفه العلامة الألباني في : سنن أبي داود : ١ / ١٩١ ، برقم : ٧١٨ ) .

٤ . عن أبي هريرة قال : قال رسول الله ﷺ : " إذا صلى أحدكم ، فليجعل تلقاء وجهه شيئا ، فلينصب عصا ، فإن لم يكن معه عصا ، فليخط خطا ، ثم من مر أمامه" [٤] .

٥ . قال رسول الله ﷺ : " لا تقطع الصلاة شيء " [٥] .

٦ . عن ابن عباس . رضي الله عنهما . قال : " أن النبي ﷺ : صلى في فضاء ، وليس بين يديه شئ " [١] .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

[٣] ( ضعفه العلامة الألباني في : سنن أبي داود : ٢ / ٢١١ ، برقم : ٢٠١٦ ) .

[٤] ( ضعفه العلامة الألباني في : سنن ابن ماجه : ١ / ٣٠٣ ، برقم : ٩٤٣ ، وتمام المنة : ص ٣٠٠ ) .

[١] ( شێخ محمد ناصرالدين الألباني ، فەرموویەتی : ئەم فەرموودەیە ( ضعيف ) ـە ، ئەوەش لە ( تمام المنة : ص ٣٠٦ ) و جگە لەویشدا هاتووە ) .

[٢] ( ضعفه الألباني في : سلسلة الأحاديث الضعيفة : برقم : ٥٨١٤ ) .

باسی سێیەم

# ئامینی نوێـژ

واتـا و چاکە و حوکم و شێوازی ووتـنی

لە ڕوانەگەی سوننەتـی ( صحیح ) ــی پێغەمبەری خواوە ﷺ

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ...وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

## واتای ئامین ( آمين ) له زمانه‌وانیدا

( الصاحب بن عباد ) سه‌باره‌ت به‌ ووشه‌ی ( آمين ) فه‌رموویه‌تی : (( والتَّأمِيْنُ : من قَوْلِكَ آمِيْنَ ، ومَعْنى آمِيْنَ : اللَّهُمَّ افْعَلْ ، وقيل : افْعَلْ هكذا ، وقيل : أَجَلْ )) [1] ، واته : ( تأمين ) له‌ووه‌ وه‌رگیراوه‌ كه‌ بلێیت ( آمين ) ، واتاكه‌شی : په‌روه‌ردگارا ئه‌وه‌ ئه‌نجام بده‌ ، وه‌ ووتراوه‌ : په‌روه‌ردگارا به‌و شێوه‌ ئه‌نجامی بده‌ ، وه‌ ووتراوه‌ : په‌روه‌ردگارا به‌ڵێ .

وه‌ شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) یش ـ به‌ ڕه‌حمه‌ت بێت ـ له‌ لێكدانه‌وه‌ و واتاكردنی ئه‌م ووشه‌یه‌دا فه‌رموویه‌تی : (( وقوله : « بآمين » : معناها : اللَّهُمَّ

[1] ( المحيط في اللغة : ٢ / ٤٧٦ ) .

اسْتَجِبْ )) [٢] ، واتە : کە فەرموویەتی : ( آمين ) واتاکەی : پەروەردگارا وەڵام بدەرەوە ، وە شێخ ( مقبل بن هادي الوادعي ) ش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( معنى التأمين في اللغة : اللهم استجب لنا )) [١] ، واتە : پەروەردگارا وەڵامان بدەرەوە ، وە ( د . سعدي أبو حبيب ) هەمان واتا دووبارە دەکاتەوە ، دەیداتە پاڵ زۆرینەی زانایانی زمانەوانی ، و شەرع زانان ، ئەوەش لەو ووتەیەیدا کە فەرموویەتی : (( آمين : اللهم استجب ، وهو قول الجمهور من أهل اللغة والفقه )) [٢] ، ( آمين ) واتە : پەروەردگارا وەڵام بدەرەوە ، ئەمەش ووتەی زۆرینەی زانایانە لە زمانەوانی و شەرع زانان .

## چاکەی ووتنی ئامین ( آمين )

پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : " ما حسدتكم اليهود على شيء ما حسدتكم على السلام والتأمين [ خلف الإمام ] " [٣] ، واتە : جوولەکە لە هیچ شتێکدا

---

[٢] ( الشرح الممتع على زاد المستقنع : ١ / ٥٣٩ ) .

[١] رياض الجنة في الرد على أعداء السنة : ٢٧ .

[٢] القاموس الفقهي : ١ / ٢٦ .

[٣] قال العلامة الألباني في صفة صلاة النبي ( ص : ١٠٢ ) : (( رواه البخاري في " الأدب المفرد " ، وابن ماجه وابن خزيمة وأحمد والسراج بسندين صحيحين )) .

حەسادەتی پێنەبردوون وەکو حەسادەتتان پێدەبەن لە سەلام کردن ، و ( آمین ) کردنتان لە دوای پێشنوێژدا .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی : " فقولوا : آمين يحبكم الله " [٤] ، واتە : بڵێن ( آمین ) خوای پەروەردگار وەڵامتان دەداتەوە .

وە سەبارەت بە پێشنوێژەوە دەیفەرموو :" إذا قال الإمام : ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ فقولوا : آمين ، [ فإن الملائكة تقول : آمين وإن الإمام يقول : آمين ] ( وفي لفظ : إذا أمن الإمام فأمنوا ) ، فمن وافق تأمينه تأمين الملائكة ( وفي لفظ آخر : إذا قال أحدكم في الصلاة : آمين ، والملائكة في السماء : آمين ، فوافق إحداهما الآخر ) غفر له ما تقدم من ذنبه " [١] ، واتە : ئەگەر پێشنوێژ ووتی : ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ، بڵێن : ( آمین ) ، چونکە فریشتەکانی خوای پەروەردگاریش دەڵێن : ( آمین ) ، وە پێش نوێژیش دەڵێت : (آمین) ، لە گوێ ( لەفز ) ێکی تردا هاتووە : ( ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد لە پاش ئەو ئێوەش ( آمین ) بکەن ) ، چونکە ئەو کەسەی ( آمین ) ـەکەی لە گەڵ ( آمین ) ـی فریشتەکانی خوادا جوت بوو ( لە

---

[٤] رواه مسلم في صحيحه : ٣ / ٢٢٢ ـ ٢٢٣ ، برقم : ٤٠٤ .

[١] قال العلامة الألباني في صفة صلاة النبي ( ص : ١٠١ ) : (( رواه الشيخان والنسائي ، والدارمي ، والزيادة للأخيرين )) .

گۆیەکی تردا هاتووە : ئەگەر یەکێ لە ئێوە لە نوێژدا ووتی : ( آمین ) ، فریشتەکانی خوای پەروەردگاریش ووتیان : ( آمین ) ، هەردووکیان لەگەڵ یەکدا جووت بوون ) ئەوا خوای پەروەردگار لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت .

کەواتە ووتنی ( آمین ) وەکو ئەوەی کە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا هاتووە ﷺ جێگەی حەسادەتی گاورەکانە ، چونکە شتێکی بەنرخ و بەرێزە ، ئەوەش بەوەی کە دەبێتە هۆی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی خوای پەروەردگار ، و هۆکاری لێخۆشبوونیەتی لە هەموو ئەو تاوانانەی کە لە پێشدا کردوومانە ، ئەگەر ووتەمان لە گەڵ ووتەی فریشتەکانی یەك بگرێتەوە .

## حوکمی ووتنی ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ووتنی لە لایەن پێشنوێژەوە فەرموویەتی :" إذا قال الإمام : ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ فقولوا : آمين ... ( وفي لفظ : إذا أمن الإمام فأمنوا ) ... " [١] .

---

[١] ( رواه البخاري ومسلم ) .

واتە : ئەگەر پێشنوێژ ووتی : ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ، بڵێن : (آمین) ، ... وە لە گۆیەکی تردا هاتووە : ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد لە پاش ئەو ئێوەش (آمین) بکەن .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ووتنی ئەم ووشەیە لە لایەن پێشنوێژەوە یان کەسێك کە بە تەنها نوێژ دەکات جیاوازە لە گەڵ حوکمی کەسێك لە دوای پێشنوێژێکدا نوێژ دەکات ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## ١ / حوکمی بۆ پێشنوێژ یان نوێژگەرانی تاك :

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوازی هەواڵ ( الإخبار ) باسی ( آمین ) ی پێشنوێژی کردووە ، و هیچ فەرمانێکی بە پێشنوێژ نەکردووە بەو کردارە کە بەڵگە بێت لە سەر واجبێتی ئەو ووتنە لە سەر پێشنوێژ ، هەروەکو فەرمویەتی : " إذا أمن الإمام ... " ، واتە : ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد ... ، دەبینین پێشەوا ( ابن حزم ) فەرموویەتی : (( وأما قول ( **آمين** ) فإنه كما ذكر : يقوله الإمام والمنفرد ندباً وسنّة )) ، واتە : سەبارەت بە ووتنی ( آمین ) هەروەکو باسکراوە ، پێشنوێژ و ئەو کەسەش کە بە تەنها نوێژ دەکات ئەیڵێن حوکمەکەشی سوننەتە بۆیان .

وە پاشان هەمان فەرموودەی باسکراوی هێناوەتەوە لە سەر ووتەکەی [١] .

---

[١] ( المحلى : ٣ / ٢٦٢ - ٢٦٣ ) .

**٢ / حوکمی بۆ ئەوانەی کە بە دوای پێشنوێژدا نوێژ دەکەن :**

واجب و پێویستە لە سەر ئەوانەی کە بە دوای پێشنوێژدا نوێژ دەکەن ، ئەوەش لە بەر فەرمانکردنی پێغەمبەر ﷺ بەو کردارە ، هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە کە فەرموویەتی : " **إذا قال الإمام :** ﴿ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ **فقولوا :** ( **آمين** ) ... " یان " **إذا أمن الإمام ، فأمنوا** " ، کە ئەمەش هەردووك بەڵگەن لە سەر واجبێتی ، چونکە : ( کل أمر للوجوب ما لم تصرفه قرينة ) ، واتە : هەموو فەرمانێك بۆ واجبێتیە ئەگەر بەڵگەیەك نەبێت ئەو واجبێتیە بگۆڕێت بۆ سوننەت ، بۆیە دەبینین پێشەوا ( ابن حزم ) فەرموویەتی : (( وأما قول ( آمين ) ... ، ويقولها المأموم فرضاً ولا بد )) [٢] ، واتە : سەبارەت بە ووتنی ئامین ... ، واجب و پێویستە لە سەر ئەوانەی کە بە دوای پێشنوێژدا نوێژ دەکەن بیڵێن ، وە ناش بێت وازی لێ بێنن .

---

[٢] ( المصدر السابق ) .

# دەنگ بەرزکردنەوەی پێشنوێژ و نوێژگەرانی دواى پێشنوێژ تیایدا

سوننەتە پێشنوێژ دەنگی بەرز بکاتەوە بە ووتنی ( آمين ) دواى تەواو بوونی خوێندنەوەی سورەتی ( الفاتحة ) :

لە ( أبو هريرة ) ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : " كان رسول الله ﷺ إذا فرغ من قراءة أُم القرآن رفع صوته ، وقال : آمين " [١] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کە کۆتایی بەخوێندنی سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ بهێنایە ، دەیفەرموو : ( آمين ) ئامین و دەنگی تیادا بەرز و درێژ دەکردەوە .

لەم فەرموودەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سوننەتە پێشنوێژ دەنگ بەرز بکاتەوە بە ووتنی ( آمين ) ، و (( ئەمەش ووتەی پێشەوایان : ( الشافعي ) و ( أحمد ) و ( إسحاق ) و جگە لەوانیشە ، و بۆچوونی پێشەوا ( البخاري ) یشە کە لە ( صحيح ) ـەکەیدا ناونیشانێکی نووسیووە بەم شێوەیە : ( باب جهر الإمام بالتأمين ) ، و چەندەها ( أثر ) و فەرموودەی هێناوەتەوە لە سەر ئەو ووتنە )) [٢] .

---

[١] ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ١ / ٨٣١ ، برقم : ٤٦٤ ) .

[٢] ( القول المبين في أخطاء المصلين : ص ٢٣٧ ) .

وه پێشه‌وا ( ابن حجر العسقلاني ) فه‌رموویه‌تی : (( وإذا ترجّح أن الإمام يؤمّن ، فيجهر به في الجهريّة ، كما ترجم به المصنّف ـ أي الإمام البخاري ـ وهو قول الجمهور ، خلافاً للكوفيين ورواية عن مالك فقال : يسرّ به مطلقاً ، ووجه الدّلالة من الحديث : أنه لو لم يكن التأمين مسموعاً للمأموم لم يعلم به ، وقد علق تأمينه بتأمينه ))[1] .

واته : وه ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌مان له لا جێگیر بوو كه پێشنوێژ ( آمين ) ده‌كات ، و ده‌نگیشی تێدا به‌رز ده‌كاته‌وه له‌و نوێژانه‌ی كه ده‌نگی تێدا به‌رز ده‌كرێته‌وه ، هه‌روه‌كو نووسه‌ر ناونیشانی بۆ داناوه ـ مه‌به‌ستی پێشه‌وا بوخاریه ـ كه ووته‌ی زۆرینه‌ی زانایانیشه ، به پێچه‌وانه‌ی ووته‌ی كوفیه‌كان ، ئه‌و ڕوایه‌ته‌ش كه له مالكه‌وه ده‌كرێت كه فه‌رموویه‌تی : به بێده‌نگی ده‌یلێت له هه‌موو نوێژێكدا ، ڕووی هه‌لێنجاندنی به‌لگه‌ش له فه‌رمووده‌كه‌وه ئه‌وه‌یه : ئه‌گه‌ر ( آمين ) ی پێشنوێژ بیستراو نه‌بووایه له لای ئه‌و كه‌سانه‌ی كه به‌دوایدا نوێژ ده‌كه‌ن ، ئه‌وا نه‌یانده‌زانی كه پێشنوێژ ( آمين ) ی كردووه ، كه‌چی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ووتنه‌كه‌ی په‌یوه‌ست كردووه به ووتنی ئه‌ووه‌وه .

وه زانای پایه‌به‌رز ( محمد بن صالح العثيمين ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ فه‌رموویه‌تی : (( أما الإمام فواضح أنه يجهر بآمين ؛ لأن ذلك ثَبتَ عن النبي ﷺ في قوله : " إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا " فعلَّق تأميننا بتأمين الإمام ، ولولا أننا نسمعُهُ لم يكن بتعْليقِهِ بتأمين

---

[1] ( فتح الباري : ٢ / ٢٦٤ ) .

الإِمامِ فائدة ، بل لكان حَرَجاً على الأمة ، ولأنَّ النبي ﷺ كان يجهرُ بآمين حتى يَمُدَّ بها صوتَه .

وكذلك المأمومون يجهرون بها ، كما كان الصَّحابةُ يجهرون بذلك خلفَ النبي ﷺ حتى يرتجَّ المسجدُ بهم وهذه السُّنَّةُ صحيحةٌ ثابتة )) [٢] .

واتە : سەبارەت بە پێشنوێژ ئاشکرایە کە بە دەنگی بەرز ( آمين ) دەکات ، چونکە ئەوە جێگر و سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەوەش لەو فەرموودەیەدا کە تێیدا فەرمویەتی : " إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا " ، واتە : ئەگەر پێشنوێژ ئامینی کرد ، ئەوا ئێوەش ( آمين ) بکەن ، دەبینیت پێغەمبەری خوا ﷺ ( آمين ) ـەکەمانی پەیوەست کردووە بە ( آمين ) ـی پێشنوێژەوە ، جا ئەگەر ( آمين ) ـی پێشنوێژ بیستراو نەبووایە لە لامان ، ئەوا پەیوەست کردنی ووتنی ئێمە بە ووتنی پێشنوێژەوە هیچ سوودێکی نەبوو ، بەڵکو قورسکردنەوە بوو لە سەر ئوممەتەکەی ، لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی بەرز دەکردەوە بە ووتنی ( آمين ) ، و دەنگیشی پێ درێژ دەکردەوە .

هەروەها ئەو کەسانەش کە بەدوای پێشنوێژدا نوێژ دەکەن دەنگی پێ بەرز دەکەنەوە ، هەروەکو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەنگیان پێوە بەرز دەکردەوە بە دوای پێغەمبەردا ﷺ ، بە شێوەیەك لە مزگەوتەکەدا دەنگی دەدایەوە ، ئەو سوننەتەش سوننەتێکی جێگیر وسەلمێنراوە .

---

[٢] ( الشرح الممتع على زاد المستقنع : ١ / ٥٣٨ ) .

## شوێن و کاتی ووتنی ئامین

پێشنوێژ دوای تەواو خوێندنەوەی سورەتی ( الفاتحة ) ( آمين ) دەکات ، ئەوەش لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە لە ( أبو هريرة ) ﵁ دەگێڕنەوە ، فەرموویەتی : " كان رسول الله ﷺ إذا فرغ من قراءة ( أُم القرآن ) رفع صوته ، وقال : آمين " [(١)] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ کە کۆتایی بەخوێندنی سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ بهێنایە ، دەیفەرموو : ( آمين ) و دەنگی تیادا بەرز و درێژ دەکردەوە .

زانای پایە بەرز ( محمد بن صالح العثيمين ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( متى يقول آمين ؟ فالجواب : أما الإِمامُ فإذا انتهى من قوله : ﴿ وَلَا الضَّآلِّينَ ﴾ وكذلك المنفرد )) [(٢)] ، واتە : ئەگەر ووترا کەی دەبێت (ئامین) بکرێت ؟ ئەوا وەڵام ئەوەیە کە بووترێت : سەبارەت بە پێشنوێژ ئەگەر کۆتایی بە سورەتی ( الفاتحة ) هێنا ، دوای ووتنی ﴿ وَلَا الضَّآلِّينَ ﴾ ( آمين ) دەکات ، هەروەها ئەو کەسانەش کە بە تەنها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن .

بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کە بە دوای پێشنوێژدا نوێژ دەکەن ئەوا پێویستە ووتنەکەیان لەگەڵ ووتنی پێشنوێژدا بێت ، ئەوەش بە کۆی هەموو ئەو

---

(١) ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة : ١ / ٨٣١ ، برقم : ٤٦٤ ) .

(٢) ( الشرح الممتع على زاد المستقنع : ١ / ٥٣٩ ) .

فه‌رمووده‌انه‌ی كه له‌و باره‌یه‌وه هاتوون ، و ناشبێت پێشی بكه‌ون به هیچ شێوه‌یه‌ك ـ هه‌روه‌کو زۆرینه‌ی موسڵمانی ئه‌م ڕۆ ئه‌نجامی ده‌ده‌ن !!! ـ چونكه ئه‌و پێشكه‌وتنه پێچه‌وانه‌ی سوننه‌ته .

زانای پایه به‌رز ( محمد بن صالح العثيمين ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ فه‌رموویه‌تی : (( سه‌باره‌ت به‌و كه‌سانه‌ی كه به دوای پێشنوێژدا نوێژ ده‌كه‌ن ، هه‌ندێك له‌زانایان فه‌رموویانه: له كاتێكدا ( آمين ) ده‌كه‌ن كه پێشنوێژ له ( آمين ) ـه‌كه‌ی ده‌بێته‌وه.

به‌ڵگه‌شیان ڕووكه‌شی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ره ﷺ كه فه‌رموویه‌تی : " إذا أَمَّنَ الإِمامُ فأمِّنوا " وه فه‌رموویانه ئه‌مه وه‌ك ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌یه كه پێغه‌مبه‌ره ﷺ فه‌رموویه‌تی : " إذا كبَّر فكبِّروا " ، زانراویشه كه ( الله أكبر ) ناكه‌ی تاكو پێشنوێژ له ( الله أكبر ) ـه‌كه‌ی نه‌بێته‌وه ، بۆیه واتی فه‌رمووده‌ی : " إذا أَمَّنَ " واته : ئه‌گه‌ر له ( آمين ) كردنه‌كه‌ی بووه‌وه .

به‌ڵام ئه‌م ووته‌یه لاوازه ، چونكه به ڕاشكاوی له گۆیه‌كی تردا باسكراوه : " إذا قال الإِمام : ولا الضَّالين ، فقولوا : آمين " .

وه له سه‌ر ئه‌مه : واتای ( إذا أمَّن ) واته : ئه‌گه‌ر گه‌شته ئه‌وه‌ی كه ( آمين ) ـی له سه‌ر بكرێت كه ووتنی : ﴿ وَلَا الضَّآلِّينَ ﴾ ـه ، یان ده‌ست بكات به ووتنی ( آمين ) ئێوه ( آمين ) بكه‌ن ، بۆ ئه‌وه‌ی له گه‌ڵیدا بن .

بەڵام هەندێك جار گوێبیستی هەندێك كۆمەڵ دەبین كە پەلە دەكەن ، بە شێوەیەك پێشنوێژ هێشتا نەگەشتووەتە پیتی ( ن ) لە ﴿ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ ـدا ، دەبینیت ئەوانەی كە بە دوایدا نوێژ دەكەن ( آمين ) یان تەواو كردووە ، ئەمەش پێچەوانەی سوننەتە ، و جۆرێكە لە جۆرەكانی پێشكەوتنی پێشنوێژ ، چونكە پێشنوێژ نەگەشتۆتە ئەو شوێنەی كە ( آمين ) ـی لە سەر بكرێت ، كە ئەویش لێبوونەوەیەتی لە ﴿ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ )) (١) .

خاوەن پەڕتوكی ( عون المعبود ) فەرموویەتی : (( ( إِذَا أَمَّنَ الْإِمَام فَأَمِّنُوا ) : ... ، وَجَمَعَ الْجُمْهُور بَيْن الرِّوَايَتَيْنِ بِأَنَّ الْمُرَاد بِقَوْلِهِ : " إِذَا أَمَّنَ " ، أَيْ : أَرَادَ التَّأْمِين لِيَقَع تَأْمِين الْإِمَام وَالْمَأْمُوم مَعًا )) ، واتە : زۆرینەی زانایان بەو شێوەیە هەردوو ڕیوایەتەكەیان كۆكردووتەوە : كە مەبەست بە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ كە فەرموویەتی : " إِذَا أَمَّنَ ... " ، ئەوەیە : ئەگەر ویست ومەبەستی ئامین كردنی هەبوو ، بۆ ئەوەی ( آمين ) ـی پێشنوێژ و شوێنكەوتوانی لە گەڵ یەك بن .

بۆیە زانای پایە بەرز ( محمد ناصرالدين الألباني ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی : (( ووتنی ( آمين ) لە پاش پێشنوێژەوە بە ئاشكرا و لەگەڵ ئامینی پێشنوێژدا دەبێت ، و نابێ پێشی بكەون بە ووتنی ( آمين )

---

(١) ( الشرح الممتع على زاد المستقنع : ١/ ٥٣٨ . ٥٣٩ ) .

هـەروەکو کـرداری زۆربـەی موسڵمانـانه ، وه ناشبێ لێی دوابکەون ، ئەمـــەش دوا ووتـەیه کـه بـەڕەوای دەزانم ، و لـه زۆر له نووسراوەکانمدا بـــاسم لێـوه کـــردووه ، لـەوانه : ( سلسلة الأحاديث الضعيفة : ٩٥٢ ) ــەو ( صحيح الترغيب والترهيب : ١ : ٢٠٥ ) )) [٢] .

وه حیکمەتیش لەم هەوڵەدا بۆ یەکگرتنەوەی ووتەی پێشـــنوێژ و شـــوێنکەوتوانی له گەڵ ووتنی فریشـــتەکان ئەوەیـه کـه ( ابن المنير ) فەرموویـەتی : (( الحِكْمَةُ فِي إِثْبَاتِ الْمُوَافَقَةِ فِي الْقَوْلِ وَالزَّمَانِ أَنْ يَكُونَ الْمَأْمُومُ عَلَى يَقَظَةٍ لِلْإِتْيَانِ بِالْوَظِيفَةِ فِي مَحِلِّهَا )) [١] ، واته : حیکمەت بۆ یەکگرتنی ئەو ووتنه له یەك کـات و شـوێندا بـۆ ئەوەیه که شوێنکەوتوانی پێشنوێژ به ئاگا بن بۆ ئەنجامدانی ئەو گوفتار له شوێنی خۆیدا .

---

[٢] ( چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ : نووسینی : محمد ناصرالدين الألباني ، پەراوێزی : ١٥٠ ) .

[١] ( نيل الأوطار : ٣ / ٣٨٥ ) .

## شێوازی ووتنی ئامین

## و ئەو شێوازە هەڵانەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێت

پیتی ( آ ) ـی ووشەی ( آمین ) درێژکردنەوەیەکی تێدایە پێی دەوترێت ( مدُّ البدل ) کە دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە ، هەر وەکو چۆن پیتی سەرەتای ووشەی ئادەم دەخوێنرێتەوە ، پیتی ( آ ) ـی ووشەی ( آمین ) دەخوێنرێتەوە ، نەك وەك ئەوەی کە ئێستا کەدەبینیت نوێژگەران زیاد لەخۆی درێژ دەکرەنەوە .

وە پیتی ( ي ) ـی ووشەی ( آمین ) درێژکردنەوەیەکی تێدایە دەتوانرێت دوو یان چوار یان شەش حەرەکە درێژ بکرێتەوە .

وە پیتەکانی تری ئەم ووشەیە وەکو شێوازی ئاسای خۆیان دەردەبڕێن ، بەلاَم نوێژگەران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەند هەڵەیەك لە گۆکردنی ئەم ووشەیەدا دەکەن ، هەرووەك لەم خالاَنەی خوارەوەدا ڕوون دەکرێتەوە :

### ١ / درێژکردنەوەی ( آ ) ئامین زیاد لە سنووری خۆی :

شێخ ( مشهور ) فەرموویەتی : (( التمطيط في مدّ ( **آمين** ) فيمدّون مدّ البدل الذي في أوّلها أكثر من حركتين، بل قد يوصلونها إلى ستة كما في بعض المساجد )) [١].

---

[١] ( القول المبين في أخطاء المصلين : ٢٣٨ ) .

درێژکردنەوەی ( آ ) ی سەرەتای ووشەی ( آمین ) کە پێی دەوترێت ( مدُّ البدل ) زیاد لە دوو حەرەکە ، بەڵکو جاری وا هەیە لە هەندێك مزگەوتدا دەیگەیەنن بە شەش حەرەکە .

**٢ / گرتنی پیتی میم ( تشدید ) کردن و دەربڕینی بەشێوەیەك وەکو ئەوەی کە پیتێکی دوبارە بوو بێت :**

گۆکردنی ووشەی ( آمین ) بە شێوەیەك کە پیتی میمی ووشەکە وا دەرکەوێت کە دوو پیتە ( آمّین ) گۆکردنێکی هەڵەیە ، لەو کاتەدا بەم شێوەیە بەر گوێ دەکەوێت ( ئاممین ) ، و ئەم شێوەیەش واتای ووشەکە دەگۆڕێت ، هەروەکو ( د . سعدي أبوحبيب ) دەڵێت : (( وقد تشدد الميم عند بعض العلماء ، فتكون بمعنى قاصدين إليك ، وهذا خطأ في قول مشاهير أهل العلم ، لانه يحيل معناها عقب الفاتحة ، فيجعله بمعنى قاصدين كما في الآية الكريمة : ﴿ وَلَا آمِّينَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ ﴾ ( المائدة : ٢ ) )) [١] .

کەواتە لەم بارەدا واتاکەی دەگۆڕێت بۆ : ( قاصدين إليك ) ، واتە : مەبەستمان هاتن و سەردانی تۆیە .

---

[١] ( القاموس الفقهي : ١ / ٢٦ ) .

بۆیه ده‌بینین ئه‌و شێوازه حه‌رامه و ڕنگه ببێته هۆی پوچه‌ڵبوونه‌وه‌ی نوێژه‌كه‌شی ، زانای پایه به‌رز ( محمد بن صالح العثيمين ) ـ به ڕه‌حمه‌ت بێت ـ فه‌رموویه‌تی : (( قال الفقهاء : فإن شدَّدَ الميمَ . في ( **آمين** ) . بطلت الصَّلاةُ ؛ لأنَّ معناها حينئذٍ ( **قاصدين** ) ؛ ولهذا قالوا : يحرم أن يُشدِّد الميم ، وتبطل الصَّلاةُ ؛ لأنه أتى بكلامٍ مِن جنسِ كلام المخلوقين )) [٢] .

واته : شه‌رع زانان فه‌رموویانه : ئه‌گه‌ر پیتی ( میم ) شه‌دده بكرێت له ( آمين ) نوێژه‌كه‌ی پوچه‌ڵ ده‌بێته‌وه ، چونكه واتاكه‌ی له‌و كاته‌دا ده‌بێته : ( قاصدين ) ، واته : مه‌به‌ستمان هاتن و سه‌ردانی تۆیه ، بۆیه ده‌فه‌رموون : حه‌رام و قه‌ده‌غه‌یه پیتی ( میم ) شه‌دده بكرێت ، و نوێژه‌كه‌شی پوچه‌ڵ ده‌بێته‌وه ، چونكه به‌و كرداره‌ی ووته‌یه‌كی ووتووه كه ووته‌ی مرۆڤه .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

[٢] ( الشرح الممتع على زاد المستقنع : ١ / ٥٣٩ ) .